Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090201

# دیاردەی بەدیلگرتنی شار و کاریگەری لەسەر فراوانبوونی شاری کۆیە

کامران طاهر سعید

رۆژان کامران کریم

بەشی جوگرافیا // فاکەڵتیی پەروەردە // زانکۆی کۆیە

## Article Info

Received: February,2022
Accepted : April,2022
Published :July ,2022

## Keywords

بەدیلگرتنی شار، گوند، فراوانبوونی ڕوبەری شار، نشینگە شارستانییەکان ، قۆناغی مۆرفۆلۆجی، بەگوندبوون.

## Corresponding Author

Kameran.taher@koyauniversty.org
rozhan.Kamaran@koyauniversty.org

## پوختە

بەهۆی دیاردەی بەدیلگرتنی شار بۆ ئاراستە جیاوازەکانی شار، ژمارەیەك گوند و نشینگە دێنە ناو سنوری شارەوانی و شار بەدیلیان دەگرێت. بەم شێوەش تایبەتمەندییەکانی شارەکەیان بەسەردا دەسەپێت، بەمەش دەبنە بەشێك و گەڕەکێکی شارەکە. سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەم دیاردەیە لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی یەکەم ودووەم وسێیەم سەریهەڵنەداوە، بەڵام لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی چوارەمدا دیاردەکە سەریهەڵداوە، بۆ یەکەمجار گوندی کێلەخوارە بەدیلگیراوە ، هاتۆتە ناو سنوری شارەوانی لە باکوری شارەکە و ڕوبەری دەگاتە (٣٢,٢٦) هێکتار و بە ڕێژەی (%٣,٢) بەشداری لە ڕوبەری شار کردووە. ژمارەی دانیشتوانیش (٢٢٣) کەس بووە بە ڕێژەی (%٠,٤) بەشداری لە ژمارەی دانیشتوان کردووە، هەروەها لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی پێنجەم ژمارەیەك گوند و نشینگەی تر بەدیلگیراون وهاتوونەتە ناو سنوری شارەوانی، وەك گوندی هەواوان لە ڕۆژهەڵاتی شارەکە و ڕوبەری دەگاتە (١٥٨) هێکتار بە ڕێژەی (%٧,٤) بەشداری ڕوبەری شاری کردووە، زەوییەسپی بە هەمان شێوە نشینگەیەکی بچوکە لە باشوری شارەکە و ڕوبەری دەگاتە (١٢٤) هێکتار و بەڕێژەی (%٦) بەشداری لە ڕوبەری شاردا کردووە، گوندی مامەحمودە لە ڕۆژهەڵاتی شارەکە و بناری چیای هەیبەتسوڵتان، ڕوبەری دەگاتە (٢٦,٦) هێکتار و بە ڕێژەی (%١,٢) بەشداری لە ڕوبەری شار کردووە، هەروەها گوندی هەرمۆتە لە باشوری ڕۆژئاوای شارەکە لەم قۆناغەدا بەدیلگیراوە، ڕوبەری دەگاتە (٩٣,٤) هێکتار و بە ڕێژەی (%٤,٤) بەشداری لە ڕوبەری شاردا کردووە. بەم شێوەیە لە ماوەی لێکۆڵینەوە ژمارەیەك گوند و نشینگە هاتونەتە ناو سنوری شارەوانی وەك (کێلەخوارە، هەواوان، هەرمۆتە، زەوییەسپی، مامەحمودە) ڕوبەریان دەگاتە (٤٣٣,٨) هێکتار و بەڕێژەی (%٢٠,٤٤) بەشدارییان لە ڕوبەری شاردا کردووە، کە ڕوبەری گشتی شار دەگاتە (٢١٢٢,٢) هێکتار. ژمارەیەك هۆکار کاریگەرییان لەسەر ئەم دیاردەیە وەك سروشتی، دیمۆگرافی، ڕامیاری و کارگێری، پلانرێژی، ...هتد هەبووە. لە داهاتوو ژمارەیەك گوندی تر دێنە ناو سنوری شارەوانی وەك عەودڵان،

شیلە، تۆبزاوا، قەیسەری کە ڕوبەریان دەگاتە (١٧٠١٢,٢٥) هێکتار. ئەم توێژینەوە لە سێ باس پێکهاتووە ئەوانیش باسی یەکەم تایبەتە بەناساندنی بەدیلگرتنی شار و ناوچەی لێکۆڵینەوە، باسی دووەم تایبەتە بە قۆناغە مۆرفۆلۆجیەکانی بە دیلگرتنی شاری ناوچەی لێکۆڵینەوە، باسی سێیەم تایبەتە بە هۆکارو اهاتووی بەدیلگرتنی شارو کاریگەری لەسەر فراوانبوونی شاری کۆیە.

**پێشەکی:**

لە ئێستادا جوگرافیای شار بە بابەتێکی نوێ وگرنگ دادەنرێت، بەم هۆیەشەوە شارەزایانی بواری شاری بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە. دەتوانرێت چەندین توێژینەوەی لە بارەوە بکرێت. دیاردەی بەدیلگرتنی شار بۆ ناوچەکانی دەوروبەری بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە شارەکان فراوانبوون و گوند و نشینگەکانی دەوروبەریان خستە ناو سنوری شارەوانی خۆیان.

گرنگی لێکۆڵینەوەکە

بەدیلگرتنی شار بۆ گوند و نشینگەکانی دەوروبەری شارەکان یەکێکە لە دیاردەکانی ئەم سەردەمە ئەمەش بەهۆی فراوانبوونی بەردەوامی شارەکان، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی پلانبۆدارێژراو بێت، چونکە دوای خۆی گرفتەکانی بەدیلگرتن کەمتردەبێت، هەروەها کاردەکاتە سەر فراوانبوونی ڕوبەری شارەکان ،ئەمەش پێویستە و لە قازانجی شاردایە و بەشێکە لە دیاردەی بەشاربوون، بەڵام بەپێچەوانەوەش ڕاستە ئەگەربێ پلان بێت، دەرئەنجام گەلێکی خراپی دەبێت.

گرفتی لێکۆڵینەوەکە

گرفتەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە شارەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم لە دوای فراوانبوونیان ژمارەیەك گرفت لەدوای خۆیان دەرهاویشتە دەکەن، یەکێك لەوانە بەدیلگرتنی شارەکانە، چونکە شار لەم کاتەدا هەموو وەزیفەکانی گوندەکە لەناودەبات ودەسڕێتەوە، لە کاتێکدا گوندەکان سەرچاوە و خۆراکپێدەر و چێشتخانەی شارەکانن، هەروەها سەرچاوەی دەستی کارن بۆ شارەکان لەلایەکی تریشەوە گوندەکە سەرجەم خاسیەت و سیفەتەکانی لەگەڵ خۆی دەهێنێتە ناوشارەکە ڕادەستی دەکات وەك سیفەتەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی...هتد، سەرئەنجام بەرکەوتنێکی ناهاوسەنگ دروستدەبێت و کێشەی جیاواز جیاوازی لێدەکەوێتەوە.ئامانجی لێکۆڵینەوەکە

١-زانینی ژمارەی ئەو گوندانەی بەهۆی بەدیلگرتنەوە هاتوونەتە ناوسنوری شارەوانی لەگەڵ ڕوبەر و ژمارەی دانیشتوانی هەموو ئەو گوندانەی هاتوونەتە ناو شار و بەشداریان کردووە لە زیادبوونی ڕوبەری شاردا.

٢-هۆکارەکانی بەدیلگرتن و کاریگەری لەسەر ڕوبەری زیادبووی شارەکە.

٣-زانین و داهاتووی ئەم بەدیلگرتنەکە بۆ ناوچەکانی دەوروبەری شارەکە.

میتۆدی لێکۆڵینەوەکە

بۆ میتۆدی لێکۆڵینەوەکەمان چەند میتۆدێکمان بەکارهێناوە و پشتمانبەستووە بە شیکردنەوەی شوێنی و شیکردنەوەی وەسفی و میتۆدی مێژوویی.

پلانی لێکۆڵینەوەکە

لێکۆڵینەوەکە لەسێ باس پێکهاتووە ئەوانیش:

باسی یەکەم: ناساندنی بەدیلگرتنی شار و ناوچەی لێکۆڵینەوە.

باسی دووەم: قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکانی بەدیلگرتنی شار و کاریگەری لەسەر فراوانبوونی ڕوبەری شارەکە.

باسی سێیەم: هۆکارەکان و داهاتووی بەدیلگرتنی شار بۆ ناوچەکانی دەوروبەری.

باسی یەکەم: ناساندنی بەدیلگرتنی شارو ناوچەی لێکۆڵینەوە.

پێویستە لەم جۆرە توێژینەوانە ئەو چەمکانەی بەکاردێت ڕوونبکەینەوە بۆ ئەوەی زانیاری زیاتر لەسەر بابەتەکە بخەینەڕو، بۆیە باسی چەمکەکان بەم شێوەیە دەکەین:

یەکەم: ناساندنی بەدیلگرتنی شار(الاسرالحضری-Urban captur)

دوابەدوای فراوانبوونی سەنتەرە شارستانییەکان ژمارەیەك دیاردە و دەرئەنجام بەدوای خۆی دەهێنێت وسەرهەڵدەدات، ئینجا هەندێکیان ئەگەر بەپلان بن دەبنە مایەی سودگەیاندن بۆشارەکە، بەڵام بەپێچەوانە ئەگەرپلان نەبێت دەبنە کێشە. یەکێکیش لەو دیاردانە بەدیلگرتنی شارە و فراوانبوونی بە ئاڕاستەی گوند و نشینگەکانی دەوروبەرییەتی، شارەکان بەهۆی ژمارەیەك هۆکار فراواندەبن، وەك هۆکاری زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، هۆکاری ڕامیاری وکارگێڕی، هۆکاری پلانرێژی، هۆکاری بەدیلگرتنی شار...هتد. کاتێك شارەکان فراواندەبن بە هەموو ئاڕاستەیەك دەڕوات ئەگەر بێت و هیچ ڕێگرییەکی سروشتی و مرۆیی نەبێت، بەو هۆیەش هەموو ئەو گوند و نشینگانە دێنە ناو سنوری شارەوانی شارەکە و دەبنە بەشێك و گەڕەکێکی شارەکە. (مکنزی)ئاماژە بەوە دەدات کە شارەکان لە کۆمەڵێك ناوکی بەیەکەوەبەستراو پێکهاتوون، شارێکیان دروستکردووە. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم دیاردەیە لە زۆربەی شارەکانی عێراق بەرچاودەکەوێ وەك بەغداد لە کۆمەڵێك ناوکی بەیەکەوە بەستراو پێکهاتووە وەك کەرخ، ڕەسافە، کازمیە، ئەعزەمیە، بەغدادی نوێ، بەهەمان شێوەش شاری موسڵ لە کۆمەڵێك ناوکی بەیەکەوەبەستراو پێکهاتووە وەك موسڵی کۆن، نەبی یونس، قازیە، بەهەمان شێوەش ئەم دیاردەیە لە شارەکانی کوردستان بەرچاودەکەوێت وەك شاری سلێمانی لە یەکگرتنی ناوکەکانی (سلێمانی کۆن، سەرچنار،...)، هەروەها (٢٩) گوند هاتونەتە ناو سنوری شارەوانی لەگەڵ ژمارەیەك شارۆچکە کە پلەی ناحیەیان هەبووە وەك بەکرەجۆ، تاسلوجە، ڕاپەڕین، سەرەتای بەکارهێنانی ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ جوگرافیناسە عێراقییەکان و لە چەمکی بەدیلگرتنی ڕوبار(الاسرالنهری) وەرگیراوە (سعید،٢٠١١ ، ص٥٤). کەواتە بەدیلگرتنی شار پرۆسەیەکە شارەکان دوای فراوانبوونیان هەموو ئەو گوند و نشینگە شارستانییە بچوکانە بەدیلدەگرن و دەیخەنە ناو سنوری شارەوانی خۆیان سیما و خەسڵەتە سەرەکییەکانی شاریان بەسەردا دەسەپێنن، زۆربەیان پێشتر پێگەی کارگێری خۆیان هەبووە، بەڵام دواتر پلەکەیان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە بەشێوەیەك لە گوندەوە دەبێتە گەڕەك یاخود لە ناحیەکی بچوکەوە دەبنە گەڕەکێکی گەورەی شارەکە، هەموو پێکهاتە وتایبەتمەندییەکانی ڕادەستی شارەکە دەکات، وەك ڕوبەر و دانیشتوانەکەی شارەکەش دەخاتە ژێر ر\ڕکێفی خۆی و بەدیلی دەگرێت. هەردەم شارەکان بە ئاڕاستەی زەوییە تەختایی و نزم و کشتوکاڵییەکان فراوان دەبن. سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەم دیاردەیە بەڕونی بەرچاودەکەوێت، بەهۆی بەدیلگرتنی شارەوە ژمارەیەك گوند و نشینگە هاتوونەتە ناو سنوری شارەوانی، ژمارەیان دەگاتە(٥)دانە وەك گوندەکانی هەواوان، کێلەخوارە، هەرمۆتە، مامەحمودە، هەروەها نشینگەی زەوییەسپی ڕوبەریان دەگاتە (٤٣٣,٨) هێکتار و بەڕێژەی(٢٠,٤٤%) بەشداریان لە ڕوبەری شاردا کردووە، واتە لە قۆناغی یەکەم و دووەم وسێیەمی مۆرفۆلۆجی دیاردەکە نابینرێت، بەڵام لە قۆناغی چوارەم و پێنجەم سەریهەڵداوە. لە داهاتووش ژمارەیەکی تر دێنە ناو سنوری شارەوانی وەك عەودالان، تۆبزاوا، شیلە، قەیسەری ڕوبەریان دەگاتە

(١٧٠١٢,٢٥) هێكتار، بەهۆی زۆری ڕوبەرە كەیان كاریگەریيان لەسەر فراوانبوونی ڕوبەری شارەكە دەبێت.سەبارەت بەچەمكی فراوانبوونی ڕوبەر بریتییە لە گۆڕانكاری لە ڕوبەری شار، كە پێوانە دەكرێت لە ڕێگای گۆڕانكاری لە نێوان دوو ماوەی كاتی جیاواز بەراوردكردنی ڕوبەری ئێستای شار بە ڕوبەری پێشوی شار. هەر لە چوارچێوەی ئەم بابەتە و لەدوای فراوانبوونی ڕوبەری شارەكان و گەیشتنی لێواری شارەكە بە لێواری گوندەكان دیاردەیەك لەم نێوانەدا سەرهەڵدەدات پێیدەوترێت لێواری شار و گوند(الضواحی الحضری والریفی)(rular-sub urban)، واتا پەیوەندی نێوان شار لەگەڵ دەوروبەرەكەی. سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ دەسپێكی شۆڕشی پیشەسازی و ڕەنگیداوەتەوە، بەڵام لە سەدەی بیستەمدا تایبەتمەندییە شارستانییەكەی بەڕوونی تێدا دەركەوت و بەڕێژەیەكی زۆر بڵاوبۆوە و ڕوی لە زیادی كرد، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو پێشكەوتنە خێرایەی كەوا شارەكان بەخۆیانەوە بینی، وەك پێشكەوتنی پیشەسازی و بازرگانی و گواستنەوە(الجمیلی، ٢٠٠٥، ص٢٢).الجنابی بۆ پێناسەی لێواری شار دەڵێت: ((ناوكی شارستانیەتە دەكەوێتە دەرەوەی مەڵبەندی شار و بە دوریيەكی ئاسان پێی بگەیت، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ شار هەبێت لە ڕوی كۆمەڵایەتی و ئابوری و دەروونییەوە، زۆرێك لە دانیشتوانەكەی كشتوكاڵ دەكەن و بەوە لە مەڵبەندی شار جیادەكرێتەوە و كێڵگەی زۆری لێیە و كاری جۆراوجۆری تێدا دەكرێت. هەندی لە توێژەران بە ناوچەی جۆراوجۆرناوی دەبەن))(الجنابی،١٩٨٧،ص٣٨٥). واتا دوری نێوان شار و لێوارەكەی دەگاتە(٢٥-٣٥)كم هەندێجار دەگاتە (٤٥)كم، پەیوەندی بەستراوەتەوە بە چەقی شارەوە (چەقی شارستانیەتی دایك) لە ڕوی كارگێڕی وكۆمەڵایەتی و ئاوەدانی لەو شوێنە دەستپێدەكات، كە ناوچە ئاوەدانییەكە كۆتایی پێدێت، واتا بوونی ئەركێكی سەربەخۆ نییە، بەڵكو گواستنەوەیە لە ناوەڕۆك و تایبەتمەندییە ئیكۆلۆجیەكە لە نێوان شار و گوندەكاندا بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ كار و چالاكییەكانیان تێدا ئەنجامدەدەن، بە شێوەیەك توێژەران بە ناوچەی كارە تێكەڵەكان ناوی دەبەن (الجمیلی،٢٠٠٥، ص٢٢). كەواتە لێواری شار و گوند بریتییە لە لێواری ناوچە شارستانییەكان بە چەند پەیوەندییەك بە سەنتەری چەقی شارەكە دەبەسترێتەوە، وەك ئابوری وكۆمەڵایەتی و كارگێڕی ...هتد، هەروەها تەنها كشتوكاڵ لەم ناوچەیە ناكرێت، بەڵكو چالاكی ئابوری و كاری جۆراوجۆری تێدا دەكرێت، بۆیە توێژەران ناوی جۆراوجۆریان بۆ داناوە وەك ناوچەی كارە تێكەڵەكان، ناوچە جۆراوجۆرەكان،...هتد، هەروەها ئەو ناوچەیە سەرەتا و دەسپێكی لێواری گوندەكانە، دواتر بەرەو چەقی گوندەكە دەڕوات. ئەم ناوچەیە بە ناوچەی گوێزراوەی نێوان شار و گوند دادەنرێت و ژمارەی دانیشتوان و خانو و بینای كەمە.

دووەم/ناساندنی ناوچەی لێكۆڵینەوەكە.

١-شوێن:- زۆربەی زانایان زانستی جوگرافیا بەهۆی شوێن لە زانستەكانی تر جیای دەكەنەوە، واتا ئەگەر شوێن نەبێت جوگرافیاش نابێت، شارەكان شوێنی تایبەت بە خۆیان هەیە، شوێنیش چەند جۆرێك دەگرێتەوە وەك شوێنی ئەسترۆنۆمی، دراوسێیەتی، بەگوێرەی ئاو و وشكانی. سەبارەت بە شوێنی ناوچەی لێكۆڵینەوە ئەوەی مەبەستمانە شوێنی ئەسترۆنۆمییە، واتا بازنەی پانی وهێڵی درێژی، واتا كۆیە كەوتۆتە نێوان بازنەی پانی(٣٦:٣:١٥-٣٦:٥:٥٤)باكور، هێڵی درێژی(٤٤:٣٧-٤٤:٣٦) ڕۆژهەڵات، دەكەوێتە باكوری ڕۆژهەڵاتی عێراق و ناوەڕاستی هەرێمی كوردستان، هەروەها باشوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای هەولێر، نەخشەی ژمارە(١). ناوچەی لێكۆڵینەوە دەكەوێتە دامێنی چیاكانی باواجی لە باكور و هەیبەتسوڵتان لە ڕۆژهەڵات، دەكەوێتە نێوان هەرسێ پارێزگا گەورەكەی باشوری كوردستان(سلێمانی، هەولێر، كەركوك).

٢-پێگە:- سەبارەت بە پێگە وا پێناسە دەكرێت بە (خاڵێك لە شوێنی ناوچەیەك) ڕەگەزەكانی پێگە بە ئاستێكی بەرز كاریگەری هەیە لەسەرشێوەی نشینگە مرۆییەكان و گەشە و پلان و شێوازەكانی بەكارهێنانی زەوییەكەیان(الجوهی، ١٩٩٨، ص٣٨). جوگرافیناسان هەوڵی زۆریان داوە بۆ جیاكردنەوەی شوێن و پێگە لە یەكتری لە كۆتاییدا(ڕاتزل)یەكەم كەس بووە ئاماژەی بەو جیاوازییە كردووە (الجبوری، ٢٠٠٩، ص٢٧). پێگە بە واتای ئەو ڕوبەرە زەوییەی كە شاری لەسەر دروستكراوە، لەسەر نەخشە بە شێوەی خاڵ و بازنە دیاریدەكرێت (الهیتی واخرون،١٩٨٦، ص١٠٨). پێگە ئاماژەیە بۆ تایبەتمەندییە سروشتییەكانی پێگەی لێكۆڵینەوە و ئەو ڕوبەرەی شارەكە داگیری دەكات وەك تۆبۆگرافیا، پلەی لێژی زەوی شارەكە، پێكهاتەی جیۆلۆجی، ئاووهەوای ناوخۆیی، خاك، سەرچاوەی ئاو....هتد.

٣-پێكهاتەی جیۆلۆجی:- سەبارەت بەگرنگی پێكهاتەی جیۆلۆجی بۆ شارەكان بە چەند شێوەیەك دەردەكەوێت وەك: گلدانەوەی ئاوی ژێرزەوی، بوونی ماددەی بیناكاری، بوونی سامانی سروشتی گونجاو بۆ بەكارهێنانی زەوی شار و جۆری خاكەكەی. پێكهاتەی جیۆلۆجی ناوچەی لێكۆڵینەوە سێ جۆرە پێكهاتەیە ئەوانیش پێكهاتەی فەتحە لە گەڕەكەكانی باكوری شارەكە بەدیاردەكەوێ، گرنگە بۆ دروستكردنی گەچ و كەرەستەی بیناسازی و گلدانەوەی ئاو، پێكهاتەی ئینجانە ئەم جۆرەیان لە بەشی ڕۆژهەڵات و باشوری شارەكە بەدیاردەكەوێت ئەم جۆرەیان سودی زۆرە، بەڵام بڕێكی كەم ئاو بەدەستەوەدەدات، هەروەها پێكهاتەی بەختیاری لە بەشەكانی باشوری ڕۆژئاوای شارەكە بەدیاردەكەوێت، گرنگە بۆ گلدانەوەی ئاوی ژێرزەوی و تێكەڵەی ژێر قیرتاوكردنی شەقامەكان و دروستكردنی بەنداو، هەروەها ناوچەی لێكۆڵینەوە بە ناوچەیەكی كاریگەر بۆ بومەلەرزەی نزم دادەنرێت (كریم، ٢٠١٥ ، ل١٤).

٤-تۆبۆگرافیا:- سەبارەت بە گرنگی تۆبۆگرافیا بۆ شارەكان بە چەند شێوەیەك دەردەكەوێت مرۆڤ ژینگە دەشتاییەكانی بۆ نیشتە جێبوون لە ناوچە بەرز و سەختەكان پێباشترە، چونكە بەئاسانی دەتوانێت چالاكییەكانی و پێداویستییەكانی خۆی تێدا ئەنجامبدات(الفیل واخرون، بدون سنە طبع، ص٢٠٣ ). كاریگەری هەیە لەسەر شێوەی شار و ئاراستەكانی فراوانبوونی، هەروەها شێوازی دابەشبوونی جوگرافی(عبداللە،٢٠١٣، ل١٣). كاریگەری هەیە لەسەر شێوەی خانوبەرە و فراوانبوونیدا بە(ئاسۆیی یان ستونی). هەروەها لێژی زەوی شار یارمەتیدەرە بۆ دەرچوونی ئاوی باران و ئاوەڕۆ(سعید،٢٠١١، ص١٩). سەبارەت بە تۆبۆگرافیای ناوچەی لێكۆڵینەوە لە دوو لاوە بە چیا دەورەدراوە (باواجی) لەباكور (هەیبەت سوڵتان) لە ڕۆژهەڵات، تاوەكو لە باشورەوە بەرەو باكوربڕۆین بەرزدەبێتەوە، لە ئاستی ڕوی دەریاوە كەوتۆتە نێوان بەرزی كەمترلە (٥٤٠)م و بەرزی زیاتر لە (٧٨٠)م لە ئاستی ڕوی دەریاوە، سەبارەت بە لێژی شارەكە لە گشت بەشەكانی شارەكە جیاوازە، بە شێوەیەك لەنێوان (٤%)-(١٨%)دایە (نەخشەی شاری كۆیە،٢٠٢٠).

٥-ئاوهەوا:- هەروەها کەشوهەوای شاری کۆیە لە جۆری ئاووهەوای دەریای ناوەڕاستە کە زستانی سارد و باراناوییە، هاوینی گەرم وشکە، ئەمەش بەپێ پۆلینکاری کۆبن، پلەی گەرمی شاری کۆیە جیاوازە لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تر، بەرزترین پلەی گەرما دەکەوێتە وەرزی هاوین ،کەواتە تێکڕای بەرزترین پلەی گەرما دەگاتە(٣٩,٧) پلەی سیلیزی، نزمترین پلەی گەرما دەکەوێتە وەرزی زستان، کەواتە تێکڕای نزمترین پلەی گەرما دەگاتە (٥,٥)پلەی سیلیزی، سەبارەت بە دابارینیش هەر سێ شێوەکەی لێدەبارێت (باران، بەفر، تەزرە)، زۆرترین بڕی دابارین دەکەوێتە وەرزی زستان کەمترین بڕیش دەکەوێتە وەرزی هاوین، بڕەکەش لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر جیاوازە، تێکڕای بارانی ساڵانە دەگاتە (٦٦٠)ملم لە نێوان ساڵانی(١٩٩٥-٢٠٢٠) بارانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە جۆری بارانی مسۆگەرە و زۆربەی ساڵەکان بەفریشی لێدەبارێت، هەروەها بای ناوچەی لێکۆڵینەوە تێکڕای ساڵانەی خێرایی با دەگاتە(٢,٣)م/چرکە، هەروەها لە شاری کۆیە بایەکی خۆجێی هەیە پێیدەوترێت (ڕەشە با) لەوەرزی زستان وهاوین هەڵدەکات (کەشناسی کۆیە،٢٠٢٠). گرنگی ئاووهەوا بۆ سەر شارەکان بە چەند شێوەیەك دەردەکەوێت، کاریگەری هەیە لەسەر گەشەی شار، بەکارهێنانی زەوی شار، ئاراستەی بەکارهێنانی زەوی ناوخۆیی شارەکان، کەرەستەی بیناسازی، دیاریکردنی فراوانی شەقامەکان و ئاراستەکەیان، بەرزی بیناکان، ڕووبەری پەنجەرەکان، ئاڕاستە و کارەکانی تردەردەکەوێت، جوگرافیای شار گرنگی بە ئاووهەوای ناوخۆیی دەدات ئەو بەشەی دەکەوێتە سەر شارەکە(سعید،٢٠١١، ص٢٣).

٦-سەرچاوەی ئاو:- سەبارەت بە سەرچاوەی ئاو بە سێ شێوە دەردەکەوێت (دابارین، ئاوی سەرزەوی، ئاوی ژێرزەوی) ئاو گرنگە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی شارەکان خۆی دەبینێتەوە لە بڕی ئەو ئاوەی ڕۆژانە بە ماڵان دەدرێت، بوونی سەرچاوەکانی ئاو لە پێگەی شارەکاندا لەوهۆکارە گرنگانەیە کە پێویستە لە کاتی دروستبوونی شارەکاندا لەبەرچاوبگیرێت، چونکە گەشە و فراوانبوون و بەردەوامی شارەکان بەندە بە بوونی سەرچاوەی ئاوی شارەکە، سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە بە چەند شێوەیەك دەردەکەوێت ١- ئاوی سەر زەوی وەك پرۆژەکانی (تەقتەق، کڵێسە) ئاو بۆ بەشێك لە گەڕەکەکانی شار دابین دەکەن. ٢-ئاوی ژێر زەوی خۆی دەبینێتەوە لە بیرەکانی (حەمامۆك، تۆبزاوا، هەیبەتسوڵتان) ئەمانەش ئاو بۆ بەشەکانی تری شار دابین دەکەن (فەرمانگەی ئاوی کۆیە،٢٠٢٠ ).

٧-خاك:- سەبارەت بە خاك و گرنگی بۆ شار خۆی دەبینێتەوە لە دیاریکردنی ناوچەکانی جێگیربوونی مرۆڤ، تەلارسازی، پرۆژەی ڕێگەوبان، پرد دروستکردن...هتد، پێکهاتە و نەسیجی خاك بۆ بەکارهێنانە جیاوازەکانی زەوی گرنگە(المیالی واخرون،٢٠٠٥، ص٢٠) سەبارەت بە خاکی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە جۆری قاوەیی وگەنم ڕەنگە لە ئەنجامی داڕوتانی تاوێری زنجیرە چیاکانی (باواجی، هەیبەتسوڵتان، کێشکێ) دروستبووە(سەعید،٢٠٠٦، ل٧٣) .

نەخشەی ژمارە(١ )

شوێنی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە گوێرەی قەزای کۆیە و پارێزگای هەولێر وهەرێم وعێراق




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر، ٢٠٢١.

باسی دووەم/قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکانی فراوانبوونی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە سەرەتای دروستبوونی تا ساڵی ٢٠٢١.

مۆرفۆلۆجی شار بریتییە لە دیمەنی شارەکە(Town scape) یان بیناوەکانی شارەکە پێکدێت لە پلانی شار( Town plan) وشێوازی شێوەی بنیاتنراو(Pattern of building) و شێوازی بەکارهێنان وبەکارهێنانی زەوی(Pattern of urban lands) (الاشعب واخرون، ١٩٨٣ ، ص٥)، کەواتە قۆناغ یان ماوەی مۆرفۆلۆجییای شار بریتییە لە سەردەمێك یان ماوەیەك لە مێژووی شارستانی ناوچەیەك کە چەند نمونەیەکی مادی بەرچاو دروست دەکات لە ڕوخساری شارستانیەتی زەوی بۆ جێبەجێکردنی پێویستە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی کۆمەڵگای شارێك، لەو قۆناغەدا ئەو نمونە مادیانەش لە یەکە ئاواکارییەکاندا دەبێتە دیاردەیەکی بۆماوەیی بۆ نەوەکانی داهاتوو(الاشعب،١٩٨٢، ص١٨-١٩). هەموو شارێك لە دروستبوونیەوە تاوەکو گەورەبوونی بە کۆمەڵێك قۆناغی مۆرفۆلۆجی جیاواز تێدەپەڕێت. بۆ توێژینەوەکەمان ماوەیەکی دیاریکراومان داناوە، چونکە ژمارەیەك گۆڕانکاری ڕویداوە لە ژمارەی گەڕەك، ڕوبەر، ژمارەی دانیشتوان، ژمارەی خێزان، خانو. لەم توێژینەوەدا تیشك دەخەینە سەر ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر شاری کۆیە داهاتووە لە سەرەتای دروستبوونیەوە تا ساڵی ٢٠٢١ ئەو گۆڕانکارییانەی لە ڕوبەر و ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی خانو و خێزان ڕویداوە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە مۆرفۆلۆجییانەی بەسەر شارەکەدا هاتووە وەك شێوەی خانووەکان، کەرەستەی بیناسازی، ڕوبەڕوی خانووەکان، لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر شەقام و ڕێگەوبان و کۆڵانەکان هاتووە، پلانی شار، بەکارهێنانەکانی زەوی شار وەك بەکارهێنانی زەوی نیشتەجێبون، سەوزایی، بازرگانی، ...هتد. مۆرفۆلۆجییای شارەکەمان بۆ (٥) قۆناغ دابەشکردووە کە ئەمانەن:

١- قۆناغی مۆرفۆلۆجی یەکەمی بەدیلگرتنی شار پێش ساڵی (١٩٤٧).

٢- قۆناغی مۆرفۆلۆجی دووەمی بەدیلگرتنی شار لەنێوان ساڵانی(١٩٤٨-١٩٧٧).

٣- قۆناغی مۆرفۆلۆجی سێیەمی بەدیلگرتنی شار لەنێوان ساڵانی(١٩٧٨-٢٠٠٢).

٤- قۆناغی مۆرفۆلۆجی چوارەمی بەدیلگرتنی شارلەنێوان ساڵانی(٢٠٠٣-٢٠١٠).

٥- قۆناغی مۆرفۆلۆجی پێنجەمی بەدیلگرتنی شار لەنێوان ساڵانی(٢٠١١-٢٠٢١).

١-قۆناغی مۆرفۆلۆجی یەکەمی بەدیلگرتنی شار پێش ساڵی (١٩٤٧).

بەیەکەم قۆناغی مۆرفۆلۆجی گەشە و فراوانبوونی شاری کۆیە دادەنرێت، هەرچەندە قۆناغی یەکەم گرنگە، بەڵام هێواش بووە وکەمترین گۆڕانکاری تێیدا ڕویداوە، شاری کۆیە مێژویەکی دورودرێژی هەیە، بۆیە دەبێت قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکەشی کۆن بێت، گرنگترین فاکتەر لەوانەیە بۆ دروستبوون وهەڵکەوتنی شاری کۆیە فاکتەری سروشتی(شوێن، پێگە) بوویێت (کریم ،٢٠١٥ ، ل٦٣) ماوەی ئەو قۆناغە لەسەرەتای دروستبوونیەوە تاوەکو دەگاتە نزیکەی سەدەی بیستەم دەگرێتەوە، بەڵام کەمترین زانیاریمان لەبەردەستدایە. شاری کۆیە لە ساڵی(١٩٣٥) بەپێی ئەو نەخشەیەی کە لە بەڕێوەبەرایەتی تۆماری خانوبەرە بەردەستمان کەوتووە، پێکهاتووە لە (٤) گەڕەك ئەوانیش(بەفری قەندی، هەواو، قەڵات، بایزاغا) ئەم گەڕەکانە ئێستا سەنتەری شار پێکدەهێنن، دەتوانین پێیان بڵێین شارەکۆنەکە(المدینه القدیمه)(الجنابی،١٩٨٠، ص٧٨). سەبارەت بە ڕوبەر و ژمارەی دانیشتوان و خێزان و خانووەکان بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧ بۆمان دەردەکەوێت خشتەی ژمارە(١).

خشتەی ژمارە(١)

ناوی گەڕەك و ڕوبەروژمارەی دانیشتوان و خانو و خێزان و چڕی و ڕێژەی بەشداریکردنیان لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی یەکەمی بەدیلگرتنی شار لە پێش ساڵی ١٩٤٧.

| | گەڕەك | ڕوبەر/هێکتار | % | دانیشتوان | % | چڕی | خێزان | خانو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بەفری قندی | ٣١,٥٠ | ٤٩،٩ | ٢٢٣٥ | ٢٩ | ٧١ | ٤٠٠ | ٢٥٦ |
| ٢ | قەڵات | ١٨,٩١ | ٢٨,٧ | ٢٢٧٥ | ٢٩,٥ | ١٢٠ | ٣٩٧ | ٣٠١ |
| ٣ | هەواو | ١٠,٦ | ١٣,٨٩ | ٨٩٧ | ١١,٦ | ٨٤,٦٢ | ١٤١ | ١٠١ |
| ٤ | بایزاغا | ١٥,٢٩ | ٢٣,٢ | ٢٢٩٥ | ٢٩,٧ | ٤٣٢ | ٣٧٥ | ٢٥١ |
| | کۆی گشتی | ٧٦,٣ | ١٠٠ | ٧٧٠٢ | ١٠٠ | ١٠,٩٤ | ١٣٠٣ | ٩٠٩ |

سەرچاوە:

(١)المملكة العراقية، وزارة شؤون الاجتماعية، مديرالنفوس العامة، احصاء السكان لسنة١٩٤٧، مطبعة الحكومة، بغداد.١٩٤٧، الجدول الثاني.ص٢٤٦،

(٢)دەرهێنانی ڕوبەری گەڕەکەکان بە بەکارهێنانی (Arc Gis) پشتبەست بە نەخشەی ئاسمانی شاری کۆیە، شارەوانی کۆیە، ٢٠٢١.

ڕوبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە (٧٦,٣)هێکتار بووە، ژمارەی دانیشتوان (٧٧٠٢) کەس بووە، ژمارەی خێزان (١٣٠٣)خێزان، چڕی دانیشتوان (١٠,٩٤)کەس/هێکتار، هەروەها ژمارەی خانو (٩٠٩) خانوبووە. لەم قۆناغەدا تەنها هۆکاری سروشتی کاریگەری لەسەر دروستبوون و فراوانبوونی شارەکە هەبووە. ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم قۆناغەدا هیچ بەدیلگرتنێك ڕوینەداوە، واتە هیچ گوندێك نەهاتۆتە ناو سنوری شارەوانی تەنها شارەکە لە شوێنە بنەڕەتییەکەی خۆی دروستبووە، دەتوانین بڵێین سەرچاوەی ئاوی حەمامۆك بە یەکێك لە هۆکارە بەهێزەکان دادەنرێت بۆ دروستبوونی شاری کۆیە لە بناری چیای باواجی وهەیبەتسوڵتان.

٢-قۆناغی مۆرفۆلۆجی دووەمی بەدیلگرتنی شار لەنێوان ساڵانی(١٩٤٨-١٩٧٧).

دووەمین قۆناغی مۆرفۆلۆجی شارەکەیە ماوەکەی (٢٩) ساڵە، لەم قۆناغەدا گۆڕانکاری ڕویداوە لە مۆرفۆلۆجی شارەکەدا بەهۆی ئەمەش شارەکە ژمارەیەك خەسڵەتی تایبەت بەخۆی وەرگرتووە بەپێی ئەو ئامار و داتایانەی لەبەردەستدان لە سەرژمێری ساڵی(١٩٥٧)دا ژمارەی گەڕەکەکانی شارگەیشتونەتە (٥) گەڕەك، واتا گەڕەکی سەرباغ(سەعیداوە) زیادیکردووە، ئەمەش دوابەدوای کۆچپێکردنی جولەکەکانی شاری کۆیە بۆ ئیسرائیل، حکومەت هەستا بە تێکدانی قەبرستانەکەیان و دابەشکردنی زەوییەکەی (سلێمان رسول،٢٠٢٠)، بەڵام لە سەرژمێری ساڵی (١٩٧٧) (٣) گەڕەکی تر زیادی کردووە وەك (جەمعیە، ئیسکان، ئازادی) بەمەش ژمارەی گەڕەکەکان گەیشتونەتە (٨) گەڕەك، واتا شار دووهێندە گەورە بووە. سەبارەت بە گۆڕانکارییە مۆرفۆلۆجی و دیمۆگرافییەکان خشتەی ژمارە(٢). بۆمان دەردەکەوێت.

خشتەی ژمارە(٢)

ناوی گەڕەك و ڕووبەر و ژمارەی دانیشتوان و ڕێژەکەیان و چڕی و ژمارەی خێزان و خانو لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی دووەم لەنێوان ساڵانی (١٩٤٨-١٩٧٧).

| | ناوی گەڕەك | ڕووبەر/هێکتار | % | دانیشتوان | % | چڕی | خێزان | خانوو | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەرباغ | ٣٠,٤٣ | ١٢,٩ | ٢٢٣٩ | ١٥,٥ | ٧٣,٥ | ٣٧٠ | ٢٨٥ | نوێ |
| ٢ | جەمعیە | ٣٧,١٣ | ١٥,٧ | ١٣٣١ | ٩ | ٣٥,٨ | ٢٠١ | ٢٦٨ | نوێ |
| ٣ | ئازادی | ٨٢,٨٤ | ٣٥ | ٦٦٣ | ٤,٦ | ٧,٩ | ١١٨ | ١٣٥ | لەسەر کەرتی گوندی حەمەبایزان دروستکراوە |
| ٤ | ئیسکان | ١٩,٥٧ | ٨ | ٨٥١ | ٥,٩ | ٤٣ | ١٢٦ | ١٢٣ | نوێ |
| ٥ | قەڵات | ١٨,٩ | ٨ | ٣٨٩٩ | ٢٧ | ٢٠٦ | ٦٥٩ | ٦٤١ | کۆن |
| ٦ | بایزاغا | ١٥,٢٩ | ٦ | ٢٥٦٣ | ١٧,٨ | ١٦٧,٦ | ٤٩٢ | ٧٣٧ | کۆن |
| ٧ | هەواو | ١٠,٦ | ٤,٣ | ٧٥٠ | ٥ | ٧٠,٧٥ | ١٩٢ | ٢١٧ | کۆن |
| ٨ | بەفری قندی | ٣١,٥٠ | ١٣ | ٢٠٧٥ | ١٤ | ٦٥,٧ | ٤٠١ | ٤٠١ | کۆن |
| | کۆی گشتی | ٢٤٦,٢ | ١٠٠ | ١٤٣٦٨ | ١٠٠ | ٥٨,٣٥ | ٢٥٥٩ | ٢٨٠٧ | |

سەرچاوە:-

(١)الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، هيئة التعداد العام والدراسات السكانية، نتائج ترقيم المباني وحصرالسكان، لسنة١٩٧٧، المحافظة اربيل،٢٠٢١ .

(٢)دەرهێنانی ڕوبەری گەڕەکەکان بە بەکارهێنانی بەرنامەی(arc gis) پشتبەست بە شارەوانی کۆیە و نەخشەی ئاسمانی شاری کۆیە، ٢٠٢١.

کە ژمارەی دانیشتوان (١٤٣٦٨) کەس بووە، ڕوبەری شار (٢٤٦,٢) هێکتاربووە، ژمارەی خێزان (٢٥٥٩) خێزان، ژمارەی خانو (٢٨٠٧) خانو، چڕی (٥٨,٣٥) کەس/هێکتار بووە، واتا گەڕەکەکان بەپێی قەبارەی خۆیان بەشداریانکردووە لە ڕوبەر و چڕی و ژمارەی خانو و خێزان و دانیشتوانی شارەکەدا. لەم قۆناغەدا هۆکاری پلانرێژی حکومەت کاریگەری هەبووە لەسەر فراوانبوونی ڕوبەری شارەکە، چونکە گەڕەکی سرباغ(سەعیداوە) بەهۆی دابەشکردنی زەوی لە لایەن حکومەتەوە دروستکراوە، گەرەکی جەمعیە بەهۆی دابەشکردنی زەوی و پێشینەوە دروستکراوە، گەڕەکی ئیسکان بە شێوەی خانوی ئامادەکراو بە فەرمانبەران دراوە، تەنها گەڕەکی ئازادی بە شێوەی زیادەڕەو(تجاوز) دروستکراوە. سەبارەت بە بەدیلگرتنی شار لەم قۆناغەدا هیچ گوندێك نەهاتۆتە ناو سنوری شارەوانی تەنها گەڕەکی ئازادی لەسەر سنوری کەرتی گوندی حەمەبایزان لەرۆژهەڵاتی شارەکە دروستکراوە، ئەمەش ناچێتە ناو چوارچێوەی بابەتی بەدیلگرتنی شار، ڕوبەری (٨٢,٨٤)هێکتار بووە، واتا بە ڕێژەی (٣٥%) بەشداری لە ڕوبەری شاردا کردووە، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی دووەم هیچ گوندێك و نشینگەیەك نەهاتوونەتە ناو سنوری شارەوانی کۆیە و دیاردەکە بەرچاوناکەوێ.

٣-قۆناغی مۆرفۆلۆجی سێیەمی بەدیلگرتنی شار لە نێوان ساڵانی(١٩٧٨-٢٠٠٢).

هەموو شارێك لە مێژووی دروستبوونیەوە بە چەند قۆناغێکی جیاجیا تێدەپەرێت، کە هەر قۆناغێك ڕەنگدانەوەی ئەو پێشکەوتن و چالاکییانەی کە شارەکە دەینوێنێت، بۆیە بە بیروبۆچوونی (ئیبن خەلدون) هیچ شارێك بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و کتوپڕ دەرناکەوێت، بەڵکو لە کرداری دروستبوونیدا بە چەند قۆناغێکی دیاریکراودا دەڕوات(الجابری،١٩٨٦، ص١١)، ئەم قۆناغەی ماوەکەی دەگاتە (٢٤)ساڵ، ژمارەی گەڕەکەکان گەیشتۆتە (١٣) گەڕەك واتا (٥) گەڕەك زیادی کردووە، ئەوانیش (عەلیاوا، جەوهەراوا، قەسرێ، حەمامۆك، شەوگێڕاوا) ڕوبەری شار گەیشتۆتە (٤٥٩,٠٤) هێکتار، ژمارەی خێزانەکان گەیشتۆتە (٦٠٦٣) خێزان خشتەی ژمارە(٣).

خشتەی ژمارە(٣)

ناوی گەڕەك و ڕوبەر و دانیشتوان وخێزان و چڕی و ڕێژەیان لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی سێیەم لە نێوان ساڵانی (١٩٧٨-٢٠٠٢).

| | گەڕەك | ڕوبەر/هێکتار | % | دانیشتوان | خێزان | چڕی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بایزاغا | ١٥,٢٩ | ٣,٣٣ | ٣٧٩٧ | ٧٠٩ | ٢٤٨,٣٣ | کۆن |
| ٢ | بەفری قندی | ٣١,٥ | ٦,٨٦ | ١٤٦٢ | ٢٩٦ | ٤٦,٤١ | کۆن |
| ٣ | قەڵات | ١٨,٩ | ٤,١١ | ٣٧٩٧ | ٧٠٩ | ٢٠٠,٨٩ | کۆن |
| ٤ | هەواو | ١٠,٦ | ٢,٣٠ | ١٤٣٢ | ٢٨٧ | ١٣٥,٠٩ | کۆن |
| ٥ | سەرباغ | ٣٠,٤٣ | ٦,٦٢ | ٣٢٤١ | ٥٢٦ | ١٠٦,٥٠ | لەسعیداوە کراوەتە سرباغ |
| ٦ | جمعیە | ٣٧,١٣ | ٨,٠٨ | ٢١٠٤ | ٣٥٦ | ٥٦,٦٦ | نوێ |
| ٧ | اسکان | ١٩,٥٧ | ٤,٢٦ | ٢٣٢٢ | ٣٨١ | ١٤٠,١٣ | نوێ |
| ٨ | ئازادی | ٨٢,٨٤ | ١٨,٠٤ | ٧١١٠ | ١١٨ | ٨٥,٨٤ | لەسەرکەرتی گوندی حەمە بایزان دروستکراوە |
| ٩ | عەلیاوا | ٥٤,١٨ | ١١,٨٠ | ٤٨٥ | ٨٩ | ٨,٩٥ | نوێ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | جەوهەراوا | ٥٤,٠٧ | ١١,٧٨ | ١٣٨٨ | ٢٣٤ | ٢٥,٦٧ | نوێ |
| ١١ | قەسرێ | ١١,٤٦ | ٢,٤٩ | ١٠٨٥ | ٢١٥ | ٩٤,٦٧ | نوێ |
| ١٢ | حەمامۆك | ٣٢,٢٩ | ٧,٣ | ١٠٨٥ | ٢١٥ | ٣٣,٦٠ | نوێ |
| ١٣ | شەوگێراوا | ٦٠,٧٨ | ١٣,٢٤ | ٥٢٠٦ | ٨٦١ | ٨٥,٦٥ | نوێ |
| | كۆی گشتی | ٤٥٩,٠٤ | ١٠٠ | ٣٥٤١٤ | ٦٠٦٣ | ٧٥,٢٠ | |

سەرچاوە:-

(١)الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط،الجهازالمركزي للاحصاء، هيئة العام والدراسات السكانية، نتائج ترقيم المباني وحصر السكان، لسنة٢٠٢١,١٩٨٧.

(٢)دەرهێنانی ڕوبەری گەڕەكەكان بە بەرنامەی (arc gis) پشتبەست بە شارەوانی كۆیە و نەخشەی ئاسمانی شاری كۆیە، ٢٠٢١.

چڕی گشتی دانیشتوانیش گەیشتۆتە (٧٥,٢٠) كەس/هێكتار. سەبارەت بە دیاردەی بەدیلگرتنی شار لەم قۆناغەدا بە هیچ شێوەیەك دیاردەكە بەرچاو ناكەوێت، واتا هیچ گوندێك نەهاتۆتە ناو سنوری شارەوانی. لەم قۆناغەدا هۆكاری دیمۆگرافی و ڕامیاری بەشێوەیەكی چڕ و فراوان كاریگەری هەبووە لەسەر فراوانبوونی شاری كۆیەكە، دواتر بە شێوەیەكی درێژ لە بەشەكانی داهاتوو باسی هۆكارەكان دەكەین.

٤-قۆناغی مۆرفۆلۆجی چوارەمی بەدیلگرتنی شار لەنێوان ساڵانی(٢٠٠٣-٢٠١٠).

بە یەكێك لە قۆناغە زێڕینەكانی شار دادەنرێت، چونكە گۆڕانكاری و گەشەی زۆر ڕویداوە لە ڕوبەری شار و بە قۆناغی تەقینەوەی دانیشتوان و ئاوەدانكاری(الانفجارالسكاني والعمراني) دادەنرێت (كريم،٢٠١٥، ل٨٤). لەم قۆناغەدا ژمارەی گەڕەكەكان لە (١٣) گەڕەكەوە بۆ(٢٨) زیادی كردووە، واتا دووهێندە زیادی كردووە بە شێوەیەك ڕوبەری شار گەیشتۆتە(١٠٨٨,٠٥) هێكتار، ژمارەی دانیشتوان بۆ(٥٣٤٥٠) كەس بەرزبۆتەوە، ژمارەی خانووەكان بۆ (١٢٠٧١) خانو بەرزبۆتەوە، ژمارەی خێزان گەیشتۆتە(١٠٩٤٤)خێزان، هەروەها چڕی دانیشتوان (٥٤,٦) كەس/هێكتاربووە، هەروەها ڕوبەری شار لەچاو قۆناغی ڕابردوو (٤٠٠,٦١%) زیادیكردووە لەم قۆناغە بەهۆی دیاردەی بەدیلگرتن تەنها یەك گوند هاتووەتە ناو سنوری شارەوانی ئەویش گوندی(كێلە خوارە) یە كە كاریگەری هەبووە لەسەر فراوانبوونی ڕوبەری شاری كۆیە بەشێوەیەك كێلەخوارە ڕاستەوخۆ كراوە بە گەڕەكێكی شارەكە و ڕوبەری (٣٢,٢٦) هێكتاربووە لە (٣,٢%) ڕێژەی ڕوبەری شاری پێكهێناوە، ژمارەی دانیشتوانیش (٢٢٣) كەس بووە لە (٠,٠٤%) ڕێژەی ژمارەی دانیشتوانی شاری پێكهێناوە و چڕی دانیشتوانیش(٦,٩) كەس/هێكتاردبووە، ژمارەی خانووەكان (٥٧) خانو، ژمارەی خێزانەكانیش (٤٠)خێزان بووە. خشتەی ژمارە (٤). كەواتە لەم قۆناغە یەك گوند هاتووەتە ناو سنوری شارەوانی سیما و پێوەرەكانی شاری بەسەردا سەپێنراوە و كاریگەری لەسەر فراوانبوونی ڕوبەری شارەكە هەبووە، واتا لەم قۆناغەدا هۆكاری بەدیلگرتنی شار و پلانڕێژی و دیمۆگرافی بەچڕی كاریگەرییان لەسەرفراوانبوونی ڕوبەری شارەكە هەبووە .

خشتەی ژمارە(٤)

ناوی گەڕەك و ڕوبەر و دانیشتوان و ڕێژەكەیان، چڕی، خێزان، خانو لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی چوارەم لەنێوان ساڵانی(٢٠٠٣-٢٠١٠).

| | گەڕەك | ڕووبەر | % | دانیشتوان | % | چڕی | خێزان | خانوو | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دڵدار | ١٩,٥٧ | ٢ | ١٩٠٨ | ٣,٥ | ٩٧,٤ | ٤٢١ | ٣٩٦ | اسكانە كراوە بە دڵدار |
| ٢ | چوارباغ | ١٣,٥٦ | ١,٣ | ٧٠٨ | ١,٣ | ٥٢,٢ | ١٦٠ | ١٨٣ | نوێ |
| ٣ | ئاسۆ | ٢٥,٠٨ | ٢,٥ | ١١٠٤ | ٢ | ٤٤ | ٢١٣ | ٢١٩ | نوێ |
| ٤ | قەسرێ | ١١,٤٦ | ١,١ | ١٠٩٣ | ٢ | ٩٥,٣ | ٢٧٨ | ٢٢٣ | ---- |
| ٥ | مهاباد | ٥٥,٤٩ | ٥,٦ | ١٣٩١ | ٢,٦ | ٢٥ | ٢٨٠ | ٣٠٢ | نوێ |
| ٦ | حەمامۆك | ٣٢,٢٩ | ٣,٣ | ١٢٣٣ | ٢,٣ | ٣٨ | ٢٤٠ | ٢٨٩ | ---- |
| ٧ | بایزاغا | ١٥،٣٩ | ١,٥ | ١٥٢٦ | ٢,٨ | ٩٩ | ٣٤٨ | ٤٢١ | ---- |
| ٨ | چنارۆك | ٢٥,٦٢ | ٢,٦ | ٥٦٦ | ١ | ٢٢ | ١١ | ١٤٦ | نوێ |
| ٩ | قەڵات | ١٨,٩١ | ١,٩ | ٣١٠٠ | ٥,٧ | ١٦٣,٩ | ٧٠٧ | ٧٦٩ | ---- |
| ١٠ | ئازادی | ٨٢,٨٤ | ٨,٤ | ٥٢٨٦ | ٩,٨ | ٦٣,٨ | ١٠٧١ | ١٠٥٢ | ---- |
| ١١ | كێلەخوارە | ٣٢,٢٦ | ٣,٢ | ٢٢٣ | ٠,٤ | ٦,٩ | ٤٠ | ٥٧ | بەدیلگیراوە |
| ١٢ | زانكۆ | ٩٢,٥٤ | ٨,٥٠ | ٢٥٠١ | ٤,٦ | ٢٧,٠٢ | ٤٣٢ | ٤٩٠ | لەسەركەرتی گوندی حەمە بایزان دروستكراوە |
| ١٣ | بەفری قندی | ٣١,٥٠ | ٣,٢ | ٢٣٣٥ | ٤,٣ | ٧٤ | ٤٣٩ | ٥٥٢ | ---- |
| ١٤ | فیدرالی | ٣٨,٥١ | ٣,٩ | ٣٦١٠ | ٦,٧ | ٩٣,٧ | ٧٦٨ | ٧٦٨ | نوێ |
| ١٥ | حاجی قادر | ٣٧,١٣ | ٣,٧ | ٢٥٤٤ | ٤,٧ | ٦٨,٥ | ٥٣٧ | ٥٦٠ | جمعیە كراوە بەحاجی قادر |
| ١٦ | هاموون | ٦٠,٧٨ | ٦,٢ | ٢٧٥١ | ٥,١٢ | ٤٥,٢ | ٥٨٨ | ٥١٧ | نوێ |
| ١٧ | ناڵی | ٢٨,٥٣ | ٢,٩ | ١٥١٩ | ٢,٨ | ٥٣,٢ | ٣١٩ | ٣٢٧ | لەسەرباغ وجمعیە پێكدێت |
| ١٨ | سەرباغ | ٣٠,٤٣ | ٣,١ | ٤١٥٥ | ٧,٧ | ١٣٦,٥ | ٨٨١ | ٩٤٩ | ---- |
| ١٩ | سەربەستی | ٥٤,٨٧ | ٥,٦ | ٤٢٣٦ | ٧,٩ | ٧٧,٢ | ٧٩٤ | ٩٠٠ | لەسەرگوندی هەواوان |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | دروستکراوه |
| ٢٠ | قەندیل | ٢٠ | ٢ | ١٢٦٩ | ٢,٣ | ٦٣,٤ | ٢٦٥ | ٢٧٧ | لەسەرگوندی هەواوان دروستکراوه |
| ٢١ | زانست | ٦٦,٤٦ | ٦,٧ | ١٨٣١ | ٣,٤ | ٢٧,٥ | ٣٨٠ | ٤١٣ | نوێ |
| ٢٢ | گەشتیاری | ٣٨,٥١ | ٣,٩ | ٢٧٢ | ٠,٥ | ٧ | ٨٧ | ١٦٢ | لەسەرگوندی هەواوان دروستکراوه |
| ٢٣ | ڕزگاری | ١٨,٩٧ | ١,٩ | ٧٦٦ | ١,٤ | ٤٠,٣ | ١٦٩ | ١٧٩ | نوێ |
| ٢٤ | کۆسرەت | ٢٠,٥٧ | ٢ | ٩٠٨ | ١,٦ | ٤٤ | ١٠٤ | ٢٤٥ | نوی |
| ٢٥ | چوارچرا | ٧١,٢٩ | ٧,٢ | ٢٠٨ | ٠,٣ | ٢,٩ | ٤٦ | ٤٤ | نوێ |
| ٢٦ | کەکۆن | ٥٤,٠٧ | ٥,٥ | ٤٠٥٠ | ٧,٥ | ٧٤,٩ | ٨٢٦ | ٨٧٣ | جەوهەراوایە کراوە تە کەکۆن |
| ٢٧ | ڕاپەڕین | ٥٤,١٨ | ٥,٥ | ٢٣٥٧ | ٤,٤ | ٧٤,٧ | ٤٩١ | ٥٣٣ | عەلیاوایە کراوەتە ڕاپەڕین |
| ٢٨ | ناوچەی پیشە سازی | ٣٢,٢٥ | ٢,٩٦ | ------ | ----- | ----- | ----- | ----- | بەگەڕەك تۆمارکراوە تەنهائاماژە بەڕووبەری کراوە |
| | کۆی گشتی | ١٠٨٨,٠٥ | ١٠٠ | ٥٣٤٥٠ | ١٠٠ | ٥٤,٦ | ١٠٩٤٤ | ١٢٠٧١ | |

سەرچاوە:-

(١)فەرمانگەی ئاماری کۆیە، گەمارۆسازی ٢٠١٠، ٢٠٢١ .

(٢)سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە، بەشی نەخشەدانان، ٢٠٢١.

٥-قۆناغی مۆرفۆلۆجی پێنجەمی بەدیلگرتنی شارلەنێوان ساڵانی(٢٠١١-٢٠٢١).

دوا قۆناغی مۆرفۆلۆجی شارە لەم کاتەدا، لەم قۆناغەدا شار بازدانێکی گەورەی داوە لە فراوانبوونی شارەکە، چونکە (٤) گوند و نشینگە هاتوونەتە ناو سنوری شارەوانی، بەم شێوەیە گۆڕانکاری بەسەر ژمارە و ناو و ڕوبەری گەڕەکەکاندا هاتووە، بە شێوەیەك ژمارەی گەڕەکەکان گەیشتۆتە (٣٠) گەڕەك و ڕوبەری شار گەیشتۆتە(٢١٢٢,٢)هێکتار و ژمارەی دانیشتوانیش هاوتەریب زیادیکردووە گەیشتۆتە (٧٣١٤٦)کەس. لەم قۆناغەدا ژمارەی خێزانەکان گەیشتۆتە(١٥٠٢٧) خێزان (ئاماری کۆیە، ٢٠٢١). خشتەی ژمارە(٥). ئەوەی مەبەستمانە ئاخۆ لەم قۆناغەدا چەند گوند و نشینگە لە لایەن شارەوە بەدیل گیراون؟ ئەوەی تێبینی دەکرێت ژمارەیەك گوند و نشینگە هاتونەتە ناو سنوری شارەوانی و کاریگەریان لەسەر فراوانبوونی ڕوبەری شارەکە هەبووە و ژمارەیان دەگاتە (٤) گوند و نشینگە ئەوانیش (زەوییەسپی) دەکەوێتە باشوری شارەکە و ڕوبەری دەگاتە (١٢٤) هێکتار بە ڕێژەی(٦%) بەشدارە لە ڕوبەری شاردا، هەرمۆتە دەکەوێتە باشور و ڕۆژئاوای شارەکە و ڕوبەری دەگاتە (٩٣,٤) هێکتار بە ڕێژەی (٤,٤%) بەشدارە لە ڕوبەری شاردا، گوندی(مام محمودە) لە ڕۆژهەڵات و بناری چیای هەیبەتسوڵتانە ڕوبەری دەگاتە (٢٦,٦) هێکتار بە ڕێژەی (١,٢%) بەشدارە لە ڕوبەری شاردا، هەروەها گوندی (هەواوان) دەکەوێتە باشور و ڕۆژهەڵاتی شارەکە، ڕوبەری دەگاتە (١٥٨,٢) هێکتار بە ڕێژەی (٧,٤%) بەشدارە لە ڕوبەری شار. ئەوەی تێبینی دەکرێت شارەکە زیاتر بە ئاراستەی باشور و ڕۆژئاوا فراوانبووە، بۆیە زیاتر گوند و نشینگەکانی ئەم ناوچەیە کەوتونەتە ژێر پرۆسەی بەدیلگرتنی شار، ئەمەش بەهۆی فراوانی و تەختایی ناوچەکە، چونکە بۆ ژیانکردن ئاسانترە. بەو شێوەیە ئەو گوند و نشینگانە ڕوبەریان دەگاتە (٤٠٢,٢) هێکتار بە ڕێژەی(١٩%) بەشداریان کردووە لە ڕوبەری شاردا، هەروەها ژمارەی دانیشتوانیشیان دەگاتە(١٠٩٧)کەس بە ڕێژەی (١,٤٩%) بەشدارن لە ژمارەی دانیشتوانی شار. لەم قۆناغەدا هۆکارەکانی (گەشەی دانیشتوان، بەدیلگرتنی شار،...هتد)کاریگەریان لەسەر فراوانبوونی شارەکە هەبووە. ئەوەی شایانی باسکردنە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە تاوەکو ئێستا (٥) گوند و نشینگە هاتوونەتە ناو سنوری شارەوانی ئەوانیش (هەواوان، کێلەخوارە، مامەحمودە، هەرمۆتە)، هەروەها نشینگەیەکیش وەك (زەوییەسپی). کۆی ڕوبەریان دەگاتە (٤٣٣,٨) هێکتار، واتا بە ڕێژەی (٢٠,٤٤%) لە فراوانبوونی ڕوبەری شار بەشداریانکردووە، هەروەها کۆی ژمارەی دانیشتوانیان دەگاتە (١٢٢٩) کەس بە ڕێژەی(١,٦%) لە ژمارەی دانیشتواتی شار بەشدارن. ئەوەی شایانی باسکردنە ئەو گوندانە لە ئێستادا سنوریان لەگەڵ سنوری شارەوانی تێکەڵبووە، بە یەکێك لە گەڕەکەکانی شار دێنە هەژمارکردن، بەڵام هەر بە ناوی گوندەکەیان ناونراون و ناوەکەیان گۆڕانی بەسەردانەهاتووە سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی شاریان پێشکەشدەکرێت، وەك ئاوی خواردنەوە، کارەبا، ئۆتۆمبیلی زبڵ فڕێدان، تاپۆکردنی زەوی و خانووەکانیان، کۆنکرێتکردنی هەندێك لە کۆڵانەکانی ئەم گەڕەکانە بەم شێوەیە ڕوبەری شاریان زیاد کردووە و کاریگەریان لە سەرفراوانبوونی ڕوبەری شارەکە هەبووە.

خشتەی ژمارە(٥)

ناوی گەڕەك و ڕوبەرو دانیشتوان و چڕی و ڕێژەکەیان لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی پێنجەم لەنێوان ساڵانی(٢٠١١-٢٠٢١).

| | گەڕەك | ڕووبەر | % | دانیشتوان | % | چڕی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دڵدار | ٤٠,١ | ٢ | ٢٣٣٦ | ٣,١٧ | ٥٨,٣ | |
| ٢ | باواجی | ٥٤,١ | ٣ | ٤٧٩٠ | ٦,٥١ | ٨٨,٥ | هەردوو گەڕەکی مهاباد و ئاسۆیە کراوەتە یەك |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣ | كێلە خوارە | ٣١,٦ | ١,٤ | ١٣٣ | ٠,١٨ | ٤,٢ | بەدیلگیراوە |
| ٤ | شۆرجە | ٧٣,٣ | ٣,٤ | ٥٦ | ٠,٠٧ | ٠,٧٦ | دوو شاری بچوکی لە سەردروستکراوە |
| ٥ | حەمامۆك | ٤٣,٣ | ٢ | ٢٨٩٩ | ٣,٩٤ | ٦٦,٨ | |
| ٦ | بایزاغا | ٣٠.٦ | ١,٤ | ١٤٣٣ | ١,٩٤ | ٤٦,٨ | |
| ٧ | قەلات | ٢٧,٨ | ١,٣ | ٣١٢٧ | ٤,٢٥ | ١,١٢ | |
| ٨ | ئازادی | ٨٤,١ | ٤ | ٨١١٨ | ١١ | ٩٦,٥ | لەسەرگوندی حمە بلیزان دروستکراوە |
| ٩ | زانکۆ | ١٤٠.٩ | ٦,٦ | ٥٤٢٣ | ٧.٣٧ | ٣٨,٥ | لەسەرگوندی حمە بایزان دروستکراوە |
| ١٠ | کەمپی زانکۆ | ٧٢,٣ | ٣,٤ | ٥٣٨ | ٠,٣٨ | ٧٤,٧ | لەسەر گوندی حەمەبایزان دروستکراوە |
| ١١ | بەفری قەندی | ٢٩,٥ | ١,٣ | ١٦٦٢ | ٢,٢٥ | ٥٦,٣ | |
| ١٢ | کۆماری | ٤٩,٥ | ٢,٣ | ٨٤٧٣ | ١١,٥١ | ١٧١,١٧ | |
| ١٣ | حاجی قادر | ٥٣,٢ | ٢,٥ | ٣٤٢٩ | ٤,٦٦ | ٦٤,٥ | |
| ١٤ | هامون | ١١٩,٢ | ٦ | ٢٦٢٩ | ٠,٩٣ | ٢٢,١ | هەردووشاری ناو داران وسەیرانی لە سەردروستکراوە |
| ١٥ | کانی قەرە | ١١٤,٩ | ٥,٤ | ٤٢١ | ٠,٥٧ | ٣,٧ | |
| ١٦ | گەشتیاری | ١١٦,٤ | ٥,٤ | ٢٧٢ | ٠,٣٦ | ٢,٣٣ | لەسەرگوندی هەواوان دروستکراوە |
| ١٧ | سەرباغ | ٣٠,١ | ١,٤ | ٣١٠٠ | ٠,٤٢ | ١٠٢,٩ | |
| ١٨ | خەرمانسوتاو | ١٦,٥ | ٠,٧ | ٦٤٥ | ٠,٨٧ | ٣٩ | بەشێکی سرباغ و حا جی قادردەگرێتەوە |
| ١٩ | سەربەستی | ١٥٦,٤ | ٧,٣ | ٦٥٨١ | ٨,٩٤ | ٤٢,١ | لەسەرگوندی هەواوان دروستکراوە |
| ٢٠ | قەندیل | ١٣٢,٩ | ٦,٢ | ١٤٨٤ | ٢ | ١١,٢ | لەسەرگوندی هەواوان دروستکراوە |
| ٢١ | زانست | ٦٤,٨ | ٣ | ٤٢٢٩ | ٥,٧٤ | ٦٥,٣ | |
| ٢٢ | ناوچەی پیشەسازی | ٣٠.٧ | ١,٤ | ----- | ----- | ----- | |
| ٢٣ | هەرمۆتە | ٩٣.٤ | ٤,٤ | ٦٨٧ | ٠,٩٣ | ٧,٤ | بەدیلگیراوە |
| ٢٤ | چوارچرا | ٦٨,٩ | ٣,٢ | ٢٤٦ | ٠,٣٣ | ٣,٥٧ | |
| ٢٥ | کەکۆن | ٧٢,٧ | ٣,٤ | ٥٧٢٢ | ٧,٧٧ | ٧٨,٧ | |
| ٢٦ | زەوییە سپی | ١٢٤ | ٦ | ١٨٦ | ٠,٢٥ | ١,٥ | بەدیلگیراوە |
| ٢٧ | ڕاپەڕین | ٥٢,٣ | ٢,٤ | ٣٩٨٥ | ٥,٤١ | ٧٦,٢ | |
| ٢٨ | چنارۆك/چوارباغ | ١٣,٢ | ٠,٦ | ٨١٨ | ١,١١ | ٦١,٩ | |
| ٢٩ | هەواوان | ١٥٨,٢ | ٧,٤ | ١٤٢ | ٠,١٩ | ٠,٨ | بەدیلگیراوە |
| ٣٠ | مامەحمودە | ٢٦,٦ | ١,٢ | ٨٢ | ٠,١١ | ٣,٠٨ | بەدیلگیراوە |
| | کۆی گشتی | ٢١٢٢,٢ | %١٠٠ | ٧٣١٤٦ | ١٠٠ | ٣٤,٤٦ | |

سەرچاوە:کاری توێژەر پشت بەست بە:

(١)سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە، بەشی نەخشەدانان، ٢٠٢١.

(٢)فەرمانگەی ئاماری کۆیە، ٢٠٢١

نەخشەی ژمارە(٢)

گەڕەکەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەگوێرەی قۆناغە مۆرفۆلۆجیەکانی بەدیلگرتنی شار




سەرچاوە :کاری توێژەرپشت بەست بەشارەوانی کۆیە،بەشی نەخشەدانان، ٢٠٢٠.

باسی سێیەم: هۆکارەکان و داهاتووی بەدیلگرتنی شار و کاریگەری لەسەر فراوانبوونی ڕوبەری شاری کۆیە.

دیاردەی بەدیلگرتنی شارەکان بۆ سەر گوند و نشینگەکانی دەوروبەری لە هەمان کاتدا فراوانبوونی ڕوبەری شارەکان دوو دیاردە و پرۆسەی هاودەمی بەیەکەوەیین لە شارەکان سەرهەڵدەدەن، چونکە هەر کاتێك شار فراوان بێت بەدیلگرتن سەرهەڵدەدات، هەروەها هەرکاتێك دیاردەی بەدیلگرتن سەرهەڵبدات هۆکارە بۆ فراوانبوونی شارەکان، لەم بەشەدا باس لە هۆکارەکانی فراوانبوونی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەین لەهەمان کاتدا باس لە داهاتووی پرۆسە و دیاردەی بەدیلگرتن دەکەین بۆ سەر ناوچەی لێکۆڵینەوە، ئاخۆ لە داهاتوو چەند گوند و نشینگە دێنە ناو سنوری شارەوانی و چەند ڕوبەری شارەکە فراوان دەبێت.

یەکەم: هۆکارەکانی فراوانبوونی شاری کۆیە

گەشەی شار و فراوانبوونی دیاردەیەکی شارستانییە پەیوەستە بە ژمارەیەك گۆڕانکاری کاتێك ڕوبەڕوی شارەکان دەبێتەوە، هەروەها شتێکی ئاسایی و سروشتییە. فراوانبوونی شارەکان لە هەر کاتێکدا بێت کۆمەڵێك هۆکار کاریگەری لەسەری هەیە، ئەم کاریگەرییەش لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر جیاوازە، لەبەر جیاوازی کاریگەری هۆکارەکان ناتوانرێ تەنها پشت بەیەك هۆکار ببەسترێ و ژمارەیەك هۆکاری سروشتی و مرۆیی کاریگەری هەبووە لەسەر فراوانبوونی شارەکە کە ئەمانەن:

١-هۆکاری سروشتی: بە گرنگترین هۆکاری دروستبوونی مۆڵگەکانی نیشتەجێبوون دادەنرێت لەسەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتییەوە تاوەکو ئێستا، چونکە هەر شوێنێك سروشتەکەی (شوێن، پێگە) لەبار بێت دانیشتوان دەتوانن لێی نیشتەجێبن، سەرەتای دروستبوونی هەموو شارستانییەکان لەو ناوچەوە دەستیپێکردووە کە سروشتەکەی لەبار بووە. سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوەش سروشتێکی لەبار و گونجاوی هەیە . کە هۆکار بووە بۆ فراوانبوونی شارەکە، چونکە گشت ڕەگەزە سروشتییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە وەك (شوێن، پێگە، ئاوهەوا، تۆبۆگرافیا، جیۆلۆجی، خاك، سەرچاوەی ئاو)گونجاون بۆ نیشتەجێبوونی دانیشتوان. سەبارەت بە شوێنەکەی دەکەوێتە نیوەی گۆی باکور و ناوەڕاستی هەرێمی کوردستان و باکوری عێراق، هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن شوێنەکەی زۆرگونجاوە بۆ نیشتە جێبوون، سەبارەت بە پێگەکەی وەك پێکهاتەی جیۆلۆجی زۆر گونجاوە بۆ ماددەی بیناکاری و گلدانەوەی ئاوی ژێرزەوی و گونجاوە بۆ بومەلەرزەی نزم، سەبارەت بە بەرز و نزمی باکور و ڕۆژهەڵاتی شارەکە ڕێژەی بەرزایی ١٨% یە، بەڵام باشور و ڕۆژئاوای شارەکە ڕێژەی نزمایی کەمە ٤% (کاری توێژەر پشتبەست بە نەخشەی بەرزونزمی شاری کۆیە، ٢٠١٥)، واتا لێژی کەمە ئەمەش ئاسانە بۆ نیشتەجێبوونی دانیشتوان و چالاکییەکانی، ناوچەی لێکۆڵینەوە ئاووهەوایەکی زۆر گونجاوی هەیە و لە جۆری

دەریای ناوەڕاستە و هەر چوار وەرزی ساڵی تێدا دەردەکەوێت، سەبارەت بە سەرچاوەکانی ئاوی شارەکە هەرسێ جۆرەکەی هەیە، دانشتوان لەو شوێنانە مۆڵگەکانی نیشتەجێبوون بنیاتدەنێن، کە ئاوی هەیە، ئەگەر ئاوەکە زۆر و جۆراوجۆر بێت زیاتر دانیشتوان ڕادەکێشێت، کەواتە ناوچەی لێکۆڵینەوە سەرجەم هۆیە سروشتییەکانی زۆر گونجاوە بۆ نیشتەجێبوون و زیادبوونی دانیشتوان، ئەمەش هۆکارە بۆ فراوانبوونی شارەکە.

٢-هۆکاری ڕامیاری وکارگێڕی: دەکرێتە دووبەش ئەوانیش سەردە می حکومەتی(ناوەند) و حکومەتی هەرێم. لە سەردەمی حکومەتی(ناوەند) خۆی دەبینێتەوە لە سیاسەتە دوژمنکارانەکەی بەرامبەر باشوری کوردستان و ناوچەی لێکۆڵینەوە، بەتایبەت لە ساڵەکانی شەستەکان تاوەکو کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردو کە خۆی دەبینێتەوە لە ڕاگواستن و ئەنفالکردنی خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری شاری کۆیە بۆ ناو شار، ئەمەش هۆکاربووە بۆ دروستبوونی ژمارەیەك گەڕەك وەك (ئازادی، جەوهەراوا، عەلیاوا، شەوگێراوە، قەسرێ، حەمامۆك) بە شێوەی زیادەڕۆ دروستکراون. سەبارەت بە ڕامیاری هەرێم بریتییە لە دامەزراندنی خەڵکی گوندەکان لە دامودەزگا حکومی و سەربازییەکان، هەروەها پشتگوێخستنی گوندەکان...هتد تا ئێستا ئەم هۆکارە بەردەوامی هەیە. لە لایەکی تریشەوە هەر لەسەردەمی حکومەتی هەرێم بەهۆی شەڕی ئەگریسی ناوەخۆ ژمارەیەك خەڵکی شارەکانی هەولێر و دهۆك ئاوارەی ناوچەی لێکۆڵینەوە بوون ئەمە لە لایە ك و لە لایەکی تریش بەهۆی بەردەوامی سیاسەتی دوژمنکارانەی حکومەتی ناوەند کە خۆی دەبینێتەوە لە سیاسەتی بەعەرەبکردن و ڕاگواستن و دەرکردنی خەڵکی ناوچە کوردییەکانی ژێردەسەڵاتی خۆی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کەرکوك و ناوچەکانی تر ڕویان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە کردووە، تا ساڵی ٢٠٠٣ بەردەوامی هەبووە. سەبارەت بە هۆکاری کارگێری شاری کۆیە سەنتەری قەزای کۆیە لە ساڵی ١٩٤٧ تەنها لە دوو یەکەی کارگێری پێکهاتووە ئەوانیش (ناحیەی سەنتەر، ناحیەی تەقتەق)، بەڵام لە ساڵی (٢٠٢١) بەرزبۆتەوە بۆ (٦) یەکەی کارگێری ئەوانیش (ناحیەی سەنتەر، تەقتەق، ئاشتی، سکتان، شۆرش، سێگردکان). واتا تا پلەی کارگێڕی زیاتر و گەورەتر بێت هۆکارە بۆ زیادبوونی دانیشتوان و فراوانبوونی ڕووبەری شارەکە، چونکە ژمارەیەك دامودەزگای کارگێری تێدا کۆدەبێتەوە و ژمارەیەکی زۆری خەڵك کۆچی بۆ دەکەن، بۆ نموونە کردنەوەی زانکۆی کۆیە لەگەڵ ژمارەیەك پەیمانگا وایکردووە ژمارەیەك خەڵکی تر لە دەرەوەی ناوچەی لێکۆڵینەوە بێن لە کۆیە نیشتەجێ ببن، بەهۆی کارکردنیان لەو دامودەزگا کارگێڕییانە ئەم هۆکارە دەورێکی بەهێزی هەبووە لە فراوانبوونی ڕووبەری شارەکە.

٣-هۆکاری بەدیلگرتنی شار: بەهۆی دیاردەی بەدیلگرتنی شار ژمارەیەك گوند و نشینگەی دەوروبەری شارەکە دێنە ناو سنوری شارەوانی شارەکە، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر فراوانبوونی ڕووبەری شارەکە لە ئێستا و داهاتوو. ئەو گوند و نشینگانەی ئێستا لەناو سنوری شارەوانین وەك (کێلەخوارە، هەواوان، هەرمۆتە، زەوییەسپی، مامەحمودە) بە ڕووبەرێکی زۆر بەشداریانکردووە لە فراوانبوونی ڕووبەری شارەکە کە دەگاتە (٤٣٣,٨) هێکتار و بە ڕێژەی (٢٠,٤٤%)، سەبارەت بە داهاتووش ژمارەیەك گوندی تر دێنە ناو سنوری شارەوانی وەك (عوداڵان، تۆبزاوا، شیلە، قەیسەری) ڕووبەری کەرتەکەیان دەگاتە (١٧٠١٢,٢٥) هێکتار کاریگەریان لەسەر فراوانبوونی ڕووبەری شاری کۆیە دەبێت.

٤-هۆکاری پلانڕێژی حکومەت: خۆی دەبینێتەوە لە پلان و بەرنامەکانی حکومەت بۆ باشکردن و بەرەوپێشبردنی شارەکان و خەڵکی شارەکان لە گشت بوارەکانی فراوانبوون و ئابوری و کۆمەڵایەتی ...هتد وەك(پێدانی زەوی، پێشینەی خانوبەرە، پێشینەی هاوسەرگیری، پێدانی کەلوپەلی خانو دروستکردن، مۆڵەتی بیناکردن، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، ماستەرپلان، دروستکردنی خانو و شوقە و باڵەخانە بۆ هەندێ لە چینەکان، وەبەرهێنان، کاری ڕێکخراوە خێرخوازییەکان ...هتد)سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەم هۆکارە بەڕونی دیارە بە شێوەیەك ژمارەیەك گەڕەك بەم شێوەیە دروستبوونە وەك جەمعیە(حاجی قادر)، زانکۆ، کۆماری، چوارچرا، زانست)حکومەت زەوی و پێشینەی خانوبەرەی داوە بە هاووڵاتیان ئەوانیش خانویان لەسەر دروستکردووە، ئیسکان (دڵدار) حکومەت بە شێوەی خانوی ئامادەکراو دابەشی سەر فەرمانبەرانی کردووە، گەشتیاری لە لایەن کەرتی تایبەت دروستکراوە بە شێوەی وەبەرهێنان، سەرباغ بەشێوەی زەوی دابەشکراوە بەسەر هاووڵاتیان. بۆ یەکەم جارلە ناوچەی لێکۆڵینەوە، کەمپی زانکۆ و ناوچەی پیشەسازی وەکو خزمەتگوزاری پێشکەشی هاووڵاتیان کراوە، قەندیل لە لایەن ڕێکخراوی خێرخوازییەوە دروستکراوە) کاریگەری ئەم هۆکارە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو تاوەکو (٢٠١٥) ئەمەش هۆکارێکی کاریگەرە لەسەر فراوانبوونی ڕووبەری شارەکە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ.

٥-هۆکاری دیمۆگرافی: گەشەی دانیشتوانی شارەکان و فراوانبوونی شوێنی، دوو پرۆسەی بەردەوامن، کە بەئاسانی ناتوانین بەسەریان زاڵ بین(محمد،٢٠١٢، ص٤١)، هۆکاری دیمۆگرافی لەو هۆکارانەیە کە بەردەوامی هەیە و پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی هەیە لەگەڵ زیادبوونی ڕووبەری شاردا. لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دیمۆگرافیای دانیشتوان گۆڕانکاری زۆری بەسەرداهاتووە لەنێوان ساڵانی (پێش ساڵی ١٩٤٧-٢٠٢١) لە گەشە و ژمارەی دانیشتوان کاریگەری هەبووە لەسەر فراوانبوونی شاری کۆیە. خشتەی ژمارە(٦).

خشتەی ژمارە(٦)

ڕووبەر و دانیشتوان و گەشەی شاری کۆیە لەگەڵ گەشەی قەزا لە قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکان لەنێوان ساڵانی (پێش ساڵی١٩٤٧-٢٠٢١).

| | قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکان | دانیشتوانی شار | گەشەی شار | گەشەی قەزا | ڕووبەر/هێکتار |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پێش ساڵی١٩٤٧ | ٧٧٠٢ | ---- | ----- | ٧٦,٣ |
| ٢ | ١٩٤٨-١٩٧٧ | ٨٤٨٢ | ١,٨ | ١,٩ | ١٠٦,٧٣ |
| ٣ | ١٩٧٨-٢٠٠٢ | ٣٥٤١٤ | ٥,٥ | ٤,٨ | ٤٥٩,٠٤ |
| ٤ | ٢٠٠٣-٢٠١٠ | ٥٣٤٥٠ | ٤,٨ | ٤,٢ | ١٠٨٨,٥ |
| ٥ | ٢٠١١-٢٠٢١ | ٨٨٦٩٧ | ٤,٦ | ٥ | ٢١٢٢,٢ |

سەرچاوە:کاری توێژەرپشت بەست بە:

(١)فەرمانگەی ئاماری کۆیە،٢٠٢١.

(٢)سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە ،بەشی نەخشەدانان،٢٠٢١.

ئەگەرسەیری خشتەی(٦) بکەین دەبینین هۆکاری دیمۆگرافی کاریگەری بەهێزی لەسەر فراوانبوونی شارەکە هەبووە. گەشەی دانیشتوان بەخێرایی زیادی کردووە، بەشێوەیەك لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی یەکەم ژمارەی دانیشتوان (٧٧٠٢) کەس بووە و ڕووبەری شار تەنها (٧٦,٣) هێکتاربووە، بەڵام لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی دووەم ژمارەی دانیشتوان گەیشتۆتە (٨٤٨٢) کەس ڕێژەی گەشەی شار(١,٨) لە بەرامبەردا قەزا (١,٩) بووە، واتا گەشەکە نزیکە لە قەزا ڕووبەری شاریش گەیشتۆتە (١٠٦,٧٣) هێکتار ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ باشبوونی ئاستی خزمەتگوزاری شارەکە لە هەموو ڕووەکان، هەروەها لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی سێیەم ژمارەی دانیشتوانی شار زیادیکردووە بۆ (٣٥٤١٤) کەس گەشەی شاریش(٥,٥) کەس ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە و لە بەرزەوەندی شاردایە، دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی سیاسی بەهۆی ڕاگواستنی خەڵکی گوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ سەنتەری شار لە بەرامبەردا گەشەی قەزا (٤,٨) نزمتربووە، بە هەمان شێوەش ڕووبەری شار زیادیکردووە بۆ (٤٥٩,٠٤) هێکتار، لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی چوارەمدا ژمارەی دانیشتوان گەیشتۆتە (٥٣٤٥٠) و گەشە (٤,٨) کەس بووە لە بەرامبەردا گەشەی قەزا (٤,٢) کەس بووە، ڕووبەری شاریش گەیشتۆتە (١٠٨٨,٥)هێکتار، بەڵام لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی پێنجەم ژمارەی دانیشتوان (٨٨٦٩٧) و گەشە (٤,٦) لە بەرامبەردا گەشەی قەزا (٥) کەس بووە، ڕووبەری شاریش گەیشتۆتە (٢١٢٢,٢)هێکتار. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت تا ژمارەی دانیشتوان زیاد بێت کاریگەری دەبێت لەسەر زیادبوونی ڕووبەری شار و فراوانبوونی، واتا هۆکاری دیمۆگرافی هۆکارێکی زۆر بەهێزە.

٦-هۆکاری کۆمەڵایەتی:

هۆکاری کۆمەڵایەتی(جڤاکی) وەك یەکێك لە هۆکارە مرۆییەکان کاریگەری کەمتر نییە، لە هۆکارکانی تر لە برەودان و گەشە و فراوانبوونی شارەکان. لە ناوچەی لێکۆڵینەوە کاریگەری ئەم هۆکارە بەڕونی بەرچاو دەکەوێت کە خۆی دەبینێتەوە لەپە پەیوەندییانەی لەنێوان دانیشتوانی شارەکەدا هەیە. پەیوەندییەکە بەهێز بێت یاخود بەپێچەوانەوە. گرنگترین هۆکار بۆ پەیوەندی بەهێز بریتییە لە خزمایەتی و بنەماڵە و تایەفەگەرایی و تیرەگەرایی ئەم دیاردەیە لە هەر شوێنێك هەبێت هۆکارە بۆ پەیوەندییەکی بەهێز، چونکە پەیوەندی خوێنی کۆیان دەکاتەوە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ژمارەیەك بنەماڵە و تیرەی لێیە، هەرچەندە مێژووی بوونیان لە شارەکە دیار نییە، بەڵام لە ڕابردوو لە نزیك یەك و لە یەك گەڕەك کۆدەبوونەوە، هەروەها ژمارەیەکی تر لەو بنەماڵە و خزمانە لە دەرەوەی ناوچەی لێکۆڵینەوە هاتوون یان لە گوندەکانی دەوروبەری هاتوون و لە نزیك یەکتر نیشتەجێبوونە، بەو هۆیەش گەڕەکیان دروستکردووە، هۆکاربووە بۆ فراوانبوونی شارەکە. هۆکارێکی تری کۆمەڵایەتی ئەویش جۆری نیشتەجێبوونە، ئایا دانیشتوان لە چ جۆرە باڵەخانە و خانوویەك نیشتەجێدەبن یاخود چەند خێزان لە خانوویەکدا نیشتەجێدەبن، لە ناوچەی لێکۆڵینەوە زۆربەی دانیشتوانەکەی لە خانوودا نیشتەجێن، ژمارەیەکی کەم لە شوقە نیشتەجێن، ئەمەش وا دەکات خانو و زەوی زۆرتری دەوێت، شار زیاتر فراوان دەبێت بەپێچەوانەوە شوقە زەوی دەوێت، سەبارەت بە ژمارەی خێزان لە خانوودا لە ڕابردوودا زیاتر لە یەك خێزان لە خانوویەکدا نیشتەجێدەبوون. لە ساڵی ١٩٤٧ ژمارەی خانوو(١٠٤٤)بووە، بەڵام ژمارەی خێزان (١٣١٣)بووە ئەمەش دەیسەلمێنێت چەند خێزانێك لە یەك خانوودا ژیاون، بەڵام لە ساڵی٢٠١٠ ژمارەی خانوو(١٢٠٧١)بووە و ژمارەی خێزان (١٠٩٤٤) بووە(ئاماری کۆیە،٢٠٢١)، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی بەهۆی زیادبوونی ژمارەی خانو و خێزان کاریگەری هەبووە لەسەر فراوانبوونی ڕووبەری شارەکە.

٧-ژمارەیەك هۆکاری تریش بە ڕێژە و قەبارەی جیاواز کاریگەری لەسەر فراوانبوونی ڕووبەری شارەکە هەبووە، وەك هۆکاری (ئابوری، خزمەتگوزاری، گواستنەوە، بازرگانی، مێژوویی ، داهاتی تاکە کەس.... هتد).

دووەم: شیکردنەوەی داهاتووی دیاردەی بەدیلگرتنی شار و کاریگەری لەسە رفراوانبوونی ناوچەی لێکۆڵینەوە

زۆربەی زۆری لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکان کە باس لە زۆربوونی شارەکان دەکەن چ زیادبوونی ڕووبەر یان دانیشتوان بێت باسێك بۆ داهاتووی تەرخاندەکەن. ڕێگەی پێشبینی بۆ داهاتوو (الطريقه التنبؤيه) بەکاردەهێنین بۆ ئەوەی بزانین لە داهاتوودا چەند زیادەکات، وەك (١٠،١٥،٢٠) ساڵ ئەم داهاتووەش گرنگە بۆ پلان داڕشتن و پەرەپێدانی شارەکان بەتایبەت بۆ خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەوەی پێش بە هەر کارەسات و لێکەوتێکی خراپ بگرن، کە دوای زیادبوونەکە توشی شارەکە دەبێت، لە وڵاتە پێشکەوتووەکان سود لەم جۆرە توێژینەوانە وەردەگرن بۆمەبەستی پلان و پلانڕێژی. لەم باسەدا دەمانەوێت باس لە ڕووبەری زیادبوو بۆ ساڵی (٢٠٤٠) بکەین، کە چەند زیادەکات؟ واتا چەند گوند و نشینگە دێنە ناو سنوری شارەوانی، ئەم تەوەرە بۆ سێ ڕێگا دابەشدەکەین:

یەکەم: پێشبینی بۆ داهاتووی ژمارەی دانیشتوانی شار تا ساڵی(٢٠٤٠).

دووەم: پێشبینی بۆ داهاتووی ڕووبەری شار تا ساڵی(٢٠٤٠).

سێیەم: ئاراستە و داهاتووی دیاردەی بەدیلگرتنی شار و کاریگەری لەسەر فراوانبوونی ڕووبەری شار تا ساڵی(٢٠٤٠).

لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین ئەو ڕێگایانە بەکاربهێنین کە تایبەتە بە پێشبینیکردنی فراوانبوونی شار و ئەو ڕێگایانەی بەکاردێن بۆ دۆزینەوەی ژمارەی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر زیادبوونی ڕووبەری شار، بەهۆی زیادبوونی خواست لەسەر یەکەی نیشتەجێبوون، هەروەها شار لە داهاتوودا چۆن فراوان دەبێت بە چ ئاستێك گەشەدەکات بەو سێ ڕێگایە دەتوانین بگەین بەوەی بزانین شار تا ساڵی ٢٠٤٠ دەگاتە کوێ، ڕووبەری چی بەسەردێت، بۆیە لێرەدا باسی ڕێگاکان دەکەین:

یەکەم/ پێشبینی بۆ داهاتووی ژمارەی دانیشتوان تا ساڵی(٢٠٤٠)

لێرە دا باس لە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان دەکەین بە ڕێگەی پێشبینی تا ساڵی (٢٠٤٠)، چونکە گرنگە بۆ زانینی بەرکەوتەی تاك بۆ (١) کەس لە ڕووبەری گشتی شاردا، هەروەها کاریگەری لەسەر ئاراستە و ڕووبەرە زیادبووەکە هەیە، کە بە بەکارهێنانی ڕێژەی گەشەی ساڵانی نێوان (٢٠١١-٢٠٢١) کە ڕێژەی گەشە دەگاتە (٤,٦%) بۆ دەرهێنانی ژمارەی دانیشتوانی شارەکان تا دەگاتە ساڵی (٢٠٤٠). خشتەی ژمارە(٧).

خشتەی ژمارە(٧)

پێشبینی بۆ ساڵ و ژمارەی دانیشتوان لەنێوان ساڵانی(٢٠٢١-٢٠٤٠) بە بەکارهێنانی گەشەی (٤,٦).

| ساڵ | دانیشتوان | ساڵ | دانیشتوان | ساڵ | دانیشتوان |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٢٠ | ٨٦٦٣٣ | ٢٠٢٧ | ١١٦١٦٩ | ٢٠٣٤ | ١٥٩١٤٧ |
| ٢٠٢١ | ٨٨٦٩٧ | ٢٠٢٨ | ١٢١٥١٢ | ٢٠٣٥ | ١٦٦٤٦٧ |
| ٢٠٢٢ | ٩٢٧٧٧ | ٢٠٢٩ | ١٢٧١٠١ | ٢٠٣٦ | ١٧٤١٢٤ |
| ٢٠٢٣ | ٩٧٠٤٤ | ٢٠٣٠ | ١٣٢٩٤٧ | ٢٠٣٧ | ١٧٤١٣٢ |
| ٢٠٢٤ | ١٠١٥٠٨ | ٢٠٣١ | ١٣٩٠٦٢ | ٢٠٣٨ | ١٧٤١٤٠ |
| ٢٠٢٥ | ١٠٦١٧٧ | ٢٠٣٢ | ١٤٥٤٥٨ | ٢٠٣٩ | ١٨٢١٥٠ |
| ٢٠٢٦ | ١١١٠٦١ | ٢٠٣٣ | ١٥٢١٤٩ | ٢٠٤٠ | ١٩٠٥٢٨ |

سەرچاوە:کاری توێژەر پشت بەست بە:

(١)وەزارەتی پلان دانان، فەرمانگەی ئاماری کۆیە، ٢٠٢١.

بۆ دەرهێنانی ژمارەی دانیشتوانی (٢٠٢١-٢٠٤٠)بە ڕێگەی داشکانی دانیشتوان(الاسقاطات السكانيه) و بەسودوەرگرتن لە ڕێژەی گەشەی شاری کۆیە لەنێوان ساڵانی (٢٠١١-٢٠٢١) بەپێی ئەم هاوکێشەیە دەرهێنراوە: ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی ئایندە = (ڕێژەی گەشە × ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی پێشوو/١٠٠) + ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی پێشوو (الخفاف واخرون،١٩٨٦،ص١٥٢).

لە ساڵی (٢٠٢١) ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە (٨٨٦٩٧) کەسە دواتر ساڵبەساڵ ژمارەکە زیادیکردووە بەشێوەیەك لە ساڵی (٢٠٣٠) دەگاتە (١٣٢٩٤٧) کەس بەم شێوەیە بەردەوام ژمارەکە زیاددەکات تا دەگاتە (١٩٠٥٢٨) کەس لە ساڵی (٢٠٤٠) کە ئەمەش ڕێژەیەکی گونجاوە بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە، واتە زیادبوونی تاکەکانی دانیشتوان دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕووبەری شار بەهۆی داواکاری لەسەر یەکەی نیشتەجێبوون.

دووەم: پێشبینی بۆ داهاتووی ڕووبەری شار تا ساڵی(٢٠٤٠).

ڕووبەری شارەکان بەردەوام لە زیادبووندان، گرنگیشە لە توێژینەوەیەکی بەم شێوەیە بزانین کە ڕووبەری شار چەند زیاددەکات بەهۆی دیاردەی بەدیلگرتنی شار بۆ داهاتوو سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی (٢٠٢١) کۆی ڕووبەری گشتی شار گەیشتۆتە (٢١٢٢,٢) هێکتار، هەروەها کۆی ڕووبەری ناوچەی ئاوەدانی دەگاتە (١٢٧٣,٣٢) هێکتار، بەڵام ڕووبەری ناوچەی چۆڵەوانی (٨٤٨,٨٨) هێکتار بووە. کەواتە بەشی تاك لە ڕووبەری گشتی شاردا دەگاتە (٢٣٩)م٢ بۆ هەر کەسێك ئەوە بەگشتی واتە ناوچەی (چۆڵ و ئاوەدانی)، بەڵام بەشی تاك لە ناوچەی ئاوەدانی دەگاتە (١٤٤)م٢ بۆ هەر کەسێك، بەڵام ئەوەی بۆمان گرنگە ساڵی مەبەستە (٢٠٤٠) ڕووبەری گشتی شاردە گاتە (٤٥٥٣,٦)هێکتار، بەڵام ئەی ڕووبەری ناوچەی ئاوەدانی لە (٢٠٤٠) بەکوێ دەگات؟ ئەویش بە بەکارهێنانی بەشی تاك لە ناوچەی ئاوەدانی لە ساڵی (٢٠٢١)، کەواتە ڕووبەری ناوچەی ئاوەدانی بۆ ساڵی (٢٠٤٠) دەگاتە (٢٧٤٤)هێکتار. یاخود وەکو پەیمانگای پلاندانانی ئاوەدانی لە عێراق بەرکەوتەی تاك بۆ ناوچەی ئاواکاری بە (١٠٢)م داناوە بۆ هەر تاکێك بۆیە دەتوانین ئەم پێشبینیە بەکاربهێنین کە ڕووبەری ناوچەی ئاواکار دەگاتە زیاتر لە (١٩٤٣,٣) هێکتار (سعید،٢٠١١،ص٤٤)، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕووبەری شار بە شێوەیەکی فراوان زیادیکردووە، بەم جۆرەش ژمارەیەك گوند دێنە ناو سنوری شارەوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە وەك قەیسەری، عەوداڵان، شیلە، تۆبزاوا.

سێیەم: ئاراستە و داهاتووی دیاردەی بەدیلگرتنی شار و کاریگەری لەسەر فراوانبوونی ڕووبەری شار.

شارەکان لە کاتی فراوانبوونیان بۆ زۆربەی ئاڕاستەکان فراواندەبن، واتا شار ئاڕاستەی جیاواز و فرەجۆر وەردەگرێت، ئەمەش دیاردەیەکی ئاسایی شارەکانە و کۆمەڵێك هۆکار کاردەکاتە سەر شێوەی دروستبوونی ئاڕاستەکان وەك هۆکارە سروشتییەکان (تۆبۆگرافیا، ئاووهەوا، ڕووبەرە ئاوییەکان، ڕووبەرە سەوزاییەکان بەتایبەت دارستان و جەنگەڵەکان...هتد)، بەڵام هۆکارە مرۆییەکان وەك (ژمارەی دانیشتوان، خزمەتگوزارییەکان، ڕامیاری حکومەت، بەکارهێنانەکانی شار، شوێنەوارەکان، قەبرستانەکان، شوێنی فڕێدانی پاشماوەی شار،...هتد). سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە هەموو قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکان گەڕەکەکان لە هەموو ئاڕاستەکانی شار دروستبوونە، بەڵام ئەو پرسیارەی کە دێتە پێشەوە کە ئاخۆ شار لە داهاتوو بەهۆی دیاردەی بەدیلگرتنەوە بە چ ئاڕاستەیەك فراوان دەبێت؟ بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- ئاڕاستەی باکور و بناری چیای باواجی:

لەم ئاڕاستەیە دیاردەی بەدیلگرتنی شار کزە بەهۆی نەبوونی نشینگە و ڕێگری چیای باواجی کە هۆکارێکی سروشتییە و ڕێگرە، چونکە بەرزایی دەگاتە (١٢٥٤)م لە ئاستی ڕووی دەریاوە ڕێژەی لێژی لە ئاڕاستەی باکور زیاترە لە (١٨%) (پشتبەست بە نەخشەی بەرز و نزمی شاری کۆیە، ٢٠٢٠) کەمتر دانیشتوان ڕو لە ناوچە بەرزایی و سەختەکان دەکەن، چونکە چالاکییە مرۆییەکان لەم شوێنانە گرانتر و سەختر دەبێت، کەواتە لەم ئاڕاستەیە هیچ گوندێك نایەتە ناو سنوری شارەوانی بەدیل ناگیرێت.

٢- ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات و بناری چیای هەیبەتسوڵتان:

فراوانبوونی شار بەو ئاڕاستەیە ڕوودەدات، بەڵام ڕێژەکەی کەمە ئەمەش بەهۆی ئاڵۆزی بەرزونزمی و کەمی نشینگە گوندییەکان. ڕێژەی لێژی لەم ئاڕاستەیە دەگاتە (١٨%)(پشتبەست بە نەخشەی بەرزونزمی شاری کۆیە،٢٠٢٠) لە داهاتوودا تەنها گوندی قەیسەری دێتە ناو سنوری شارەوانی کۆیە ڕووبەری دەگاتە (٦٤٧٥) هێکتار(فەرمانگەی کشتوکاڵی کۆیە،٢٠٢١) کاریگەری دەبێت لەسەر فراوانبوونی ڕووبەری شارەکە.

٣- ئاراستەی باشور و دەشتە شەپۆلاوییەکان:

ئەوەی پێشبینی دەکرێت لە داهاتوودا زۆربەی گوند و نشینگەکانی ئەم ئاڕاستەیە بێتە ناو سنوری شارەوانی و هەموو فراوانبوونەکانی شار بەم ئاڕاستەیەدا بڕوات، چونکە هیچ ڕێگرییەك لەم ئاڕاستەی دانابینرێت و پێکدێت لە دەشتێکی فراوانی شەپۆلاوی گەورە، بەرزی ئەم ئاڕاستەیە لە (٥٠٠)م کەمترە و ڕێژەی لێژی کەمترە لە (٤%)(پشتبەست بە نەخشەی بەرزونزمی شاری کۆیە، ٢٠٢٠) ژمارەیەك گوند دێنە ناو سنوری شارەوانی وەك (شیلە، عەودالان) ڕووبەریان دەگاتە (٩٣٤٥) هێکتار(فەرمانگەی کشتوکاڵی کۆیە،٢٠٢١) کاریگەرییان دەبێت لەسەر فراوانبوونی ڕووبەری شارەکە.

٤- ئاڕاستەی ڕۆژئاوا:

واتا فراوانبوونی شار بەم ئاڕاستەیە کە پێکدێت لە دەشتێکی شەپۆلاوی زیاترلە ئاراستەی باشور، واتە هاوتەریب لەگەڵ ڕێگەی کۆیە - هەولێر. بەرزایی ئەم ئاڕاستەیە زیاترە لە ئاڕاستەی باشور دەگاتە (٧٠٠)م لە ئاستی ڕوی دەریاوە، ڕێژەی لێژی دەگاتە (١٢-١٨%)(پشتبەست بە نەخشەی بەرزونزمی شاری کۆیە، ٢٠٢٠)، تەنها یەك گوند دێتە ناو سنوری شارەوانی ئەویش گوندی (تۆبزاوا)یە ڕووبەری دەگاتە (١١٩٢،٢٥) هێکتار (فەرمانگەی کشتوکاڵی کۆیە، ٢٠٢١).

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە داهاتوو هەموو فراوانبوونەکانی شار بە ئاڕاستەی باشور و ڕۆژئاوا بێت، چونکە هیچ ڕێگرییەك لەم دوو ئاڕاستەیەدا نابینرێت و پێکدێت لە دەشتێکی شەپۆلاوی. مرۆڤ هەموو کات نشینگەکان لەو شوێنانە بنیات دەنێت کە دەشتاییە، چونکە بەئاسانی و تێچوونی کەم چالاکییەکانی تێدا ئەنجامدەدات. کەواتە لە داهاتوودا ژمارەیەك گوند و نشینگە دێنە ناو سنوری شارەوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەوانیش (شیلە، تۆبزاوا، عەودالان، قەیسەری) ڕووبەریان دەگاتە (١٧٠١٢،٢٥) هێکتار کاریگەرییان لەسەرفراوانبوونی ڕووبەری شارەکە دەبێت.

نەخشەی ژمارە(٣)

داهاتووی دیاردەی بەدیلگرتنی ناوچەی لێکۆڵینەوە کاریگەری لەسەر فراوانبوونەکە




سەرچاوە: کاری توێژەرپشت بەست بە فەرمانگەی کشتوکاڵی کۆیە،٢٠٢١.

## دەرئەنجامەکان:

١- بەدیلگرتنی شار یەکێکە لەو هۆکارانەی کە بە شێوەیەکی فراوان کاریگەری لەسەر فراوانبوونی ڕووبەری شارەکان هەیە، چونکە لە کاتی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە ژمارەیەك گوند و نشینگەی دەوروبەری شارەکە دێنە ناو سنوری شارەوانییەوە ،هەروەك ئەوەی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ڕویداوە، ژمارەیەك گوند بەدیلگیراون وەك(کێلەخوارە، هەواوان، هەرمۆتە، زەویەسپی، مامەحمودە).

٢- سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی مۆرفۆلۆجی چوارەم کاتێك بۆ یەکەمجارگوندی کێلەخوارە بەدیلگیراو هاتۆتە ناو سنوری شارەوانی شارەکە، هەروەها لە قۆناغی پێنجەم ژمارەیەکی تری گوند و نشینگە هاتوونەتە ناو سنوری شارەوانی و بەدیلگیراون وەك (هەواوان، هەرمۆتە، زەویەسپی، مامەحمودە)، کەواتە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە (٥) گوند و نشینگە بەدیلگیراوە.

٤- لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ژمارەیەك هۆکار کاریگەریان هەبووە لەسەر فراوانبوونی ڕووبەری شارەکە ،وەك هۆکاری ڕامیاری وکارگێڕی، پلانرێژی، بەدیلگرتنی شار، سروشتی، ...هتد.

٥-پێشبینی دەکرێت لە داهاتوو ژمارەیەك گوندی تر بێنە ناو سنوری شارەوانی کاریگەریان هەبێت لەسەر فراوانبوونی ڕووبەری شارەکە وەك (قەیسەری، عودالان، شیلە، تۆبزاوا).

## ڕاسپاردەکان :

١- سەرچاوەی کێشەی شارەکان لە وڵاتانی جیهانی سێیەم بریتیە لە زیادبوونی هەرەمەکی دانیشتوان، چونکە دانیشتوان بەبێ پلان و پێویست زیاددەبێت، واتا هاوتا نییە لەگەڵ پێویستییەکانی شار، بۆیە پێویستە لایەنی پەیوەندیدار پلانی هەمەلایەنەی هەبێت بۆ ڕێکخستنی وەچە(تنظم النسل).

٢- پێویستە پلانی حکومەت لەگەڵ سەردەمەکە بگونجێت، بە شێوەیەك ڕێگری لە فراوانبوونی هەڕەمەکی ئاسۆیی بکات، بۆ ئەوەی زەوی زۆر نەبات، بەڵکو فراوانبوون شێوازەکەی بگۆڕدرێت بۆ شێوازی فراوانبوونی ستونی.

٣-پێویستە لایەنی پەیوەندیدار ئاڕاستەی فراوانبوونی شارەکان دیاریبکات، چونکە ئەم جۆرە دیاردانە کێشە بۆ شارەکان دروستدەکات و دەرهاویشتەی خراپ لە دوای خۆی جێدەهێڵێت، ئەگەر سەیری ناوچەی لێکۆڵینەوە بکەین دەبینین لە داهاتوو بە ئاڕاستەی باشور دەبێت، سەرباری ئەوەی ژمارەیەك گوند بەدیلدەگرێت، هەروەها ڕووبەرێکی زۆری زەوی کشتوکاڵیش لەناودەبات.

٤- پێویستە ڕێگری بکرێت لە کۆچی بەلێشاو هەڕەمەکی گوندنشینان بۆ شارەکان بە شێوەیەك حکومەت هەوڵبدات بایەخی زیاتر بە گوندەکان بدات و جۆرە هەوڵێك بۆ گەڕانەوەی خەڵکی گوندەکان بۆ زێدی خۆیان بدات، لە ڕێگەی پرۆژەی بچوکی کشتوکاڵی یاخود ئەزمونی وڵاتانی پێشکەوتو پەیڕەوبکات کە بگونجێت لەگەڵ ناوچەی لێکۆڵینەوە.

## لیستی سەرچاوەکان


سەرچاوە کوردییەکان:-

یەکەم:- تێزەکان.

١-سەعید، کامەران تاهیر، قەزای کۆیە (لێکۆڵینەوە لە جوگرافیای شار)، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، کۆلێژی پەروەردە،٢٠٠٦.

٢-کریم، ڕۆژان کامەران، فراوانبوونی شاری کۆیە و کاریگەری لە سەرکەمبوونەوەی زەویە کشتوکاڵیەکان لەشاری کۆیە، زانکۆی کۆیە، کۆلێژی پەروەردە،٢٠١٥.

٣-عبدالله، هەورامان کەمال، فراوانبوونی شاری هەڵەبجەو کاریگەرییە ژینگەیەکانی،نامەی ماستەر،زانکۆی سەلاحەدین،کۆلێژی ئەدەبیات،٢٠١٣.

دووەم:- چاپەمەنی و نوسراوە حکومیەکان.

١- فەرمانگەی کشتوکاڵی کۆیە، کەش ناسی،٢٠٢٠.

٢- سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە، بەشی نەخشەدانان،٢٠٢١.

٣- وەزارەتی پلادانان، فەرمانگەی ئاماری کۆیە،٢٠٢١.

٤- فەرمانگەی ئاوی کۆیە،٢٠١٥.

سێیەم:-چاوپێکەوتنەکان.

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(سلێمان ڕەسول)، ڕووپێو لە فەرمانگەی تۆماری خانووبەرەی کۆیە، ٢٠٢١.

سەرچاوە عەرەبیەکان.

یەکەم:- پەرتووکەکان.

١- الهیتی، مازن عبدالرحمن، جغرافیة ریف، ط١، دارالصفاء للنشروتوزیع، عمان،٢٠١٣.

٢- الفیل، محمد رشید وفواد، اصول الجغرافیه البشریة، ط١، وکالة مطبوعات، الکویت، بدون سنة طبع.

٣-الاشعب، خالد، مورفولوجیة المدینة، مطبعة جامعة بغداد،١٩٨٣.

٣- الجابری، مظفر،التخطیط الحضری،الجزء الاول، المطبعة الاولی، دارالکتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، الموصل،١٩٨٦.

٤- الخفاف، عبدعلى والريحانى،عبدمخمور، جغرافية السكان، مطبعة جامعة البصرة، البصرة،١٩٨٦.

٥- محمد، خليل اسماعيل، السكان ومسالة السكانية فى كردستان العراق، المطبعة الجامعة صلاح الدين، اربيل،٢٠١٢.

دووه م:- تێزەکان.

١- الجوهى، محمد سالم، النموالحضرى فى ساحل حضرموت(بين شعروحلة)اطروحة دكتوراة، كلية الاداب، جامعة بغداد،١٩٩٨.

٢- الجبورى، صفاقس قاسم، التوسع الحضرى واثرة فى الاراضى الزراعى فى قضاء الكاظمية،رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد، ٢٠٠٩.

٣- الميالى، سميرفليح، الوظيفة السكنية لمدينة كربلاء(دراسة فى جغرافية المدن)، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، كلية التربية، ٢٠٠٥.

٤- سعيد، كامران طاهر،توسع مدينة السليمانية بتاثيرالاسرالحضرى، اطروحة دكتوراة، كلية العلوم الانسانية، جامعة السليمانية،٢٠١١.

سێیەم:- گۆڤار وڕۆژنامەکان.

١- الجنابى، صلاح، التركيب الداخلى لمدينة اربيل(دراسة مقارنة فى جغرافية المدن)مجلة الجمعية الجغرافية العراقية، العدد(١١)، بغداد،١٩٨٠.

چوارەم:-چاپەمەنی ونوسراوە حکومییەکان.

١-المملكة العراقية، وزارة شؤون الاجتماعية، مديرية النفوس العامة، احصاء السكان لسنة ١٩٤٧، مطبعة حكومة بغداد١٩٤٧، الجدول الثانى،٢٠٢١.

٢-الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء، هيئة التعداد العام والدراسات السكانية.نتائج ترقيم المبانى وحصرالسكان، لسنة١٩٥٧،المحافظة اربيل،٢٠٢١.

٣-الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء، هيئة العام والدراسات السكانية، نتائج ترقيم المبانى وحصرالسكان لسنة ١٩٨٧.


## Conquering cities phenomenon and its impact on enlarging Koya town.
## (a study on city geography)

Keywords: Conquering cities, village, enlarging the area of cities, civil residences, morphological phase, becoming village.


ABSTRACT:

By the influence of conquering cities phenomenon to different directions, a lot of villages entering the border of municipalities and conquering them. This way they take the characteristics of the city and becoming part of it and a quarter of it. The research zone of this phenomenon, it was not emerged in first, second and third morphological phases. But it emerged in fourth phase. First Kelakhwara village conquered and entered the municipality border in the north, its area is (32.26) Hectares, it has composed (3.2%) of the town. Its population was (223) accounting for (0.4%). In the fifth morphological phase some other villages came into the border of the town, such as Hawawan village in the east its area is (158) Hectares accounting for (7.4%). White land is also another area became part of the town in the south, east its area is (124) Hectares accounting for (6%). Mam Mahmuda village in the east, bellow the Haibasultan mountain, its area is (26.6) Hectares accounting for (1.2%). Harmota village in the south west its area is (93.4) Hectares accounting for (4.4%). This way at the period of researching a number of villages entered the municipality border like: Kelakhwara, Hawawan, Mam Mahmuda, Harmota and White land. their area is (433.8) Hectares accounting for (20.44%), the total area of the town is (2122.2) Hectares. There are several reasons that have impact on this phenomenon such as natural, demography, political and administration, planning, etc. in the future some other village like (Abdalan, Shila, Topzawa and Qaisari) entering the border of the municipality their area is (17012.25) Hectares. This study falls into three chapters, the first one is concerned with introducing the topics and their geographical features. The second one is about the morphological phases of conquering the research zone. The third chapter is regarding the factors and conquering the city and its influence on enlarging Koya town.